گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ

مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو

Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)

*Vol. 13, No. 2, pp. 270–284, April-June.-2025.*

hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681

journals.uoz.edu.krd

# كاریگەریی كارنامەی دەسەڵاتی خەلیفەكانی ڕاشدین لەسەر دیاردەی تۆڵەسەندنەوە

## "توێژینەوەیەكی مێژوویی شیكارییە"

یوسف صابر مولود [1]* و شهلة برهان عبد الله [2]

[1] بەشی مێژوو، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، هەرێمی كوردستان، عێراق. (yousif.s.mawlood@su.edu.krd)

[2] بەشی مێژوو، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، هەرێمی كوردستان، عێراق. (Shahla.abdulla@edu.su.krd)

تاريخ الاستلام: 2025/01 تاريخ القبول: 2025/04 تاريخ النشر: 2025/06 *https://doi.org/10.26436/hjuoz.2025.13.2.1545*

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە باسكردنی (كاریگەریی كارنامەی دەسەڵاتی خەلیفەكانی ڕاشدین لەسەر دیاردەی تۆڵەسەندنەوە). ئامانج لە توێژینەوەكە شیكردنەوەی ناوەڕۆكی كارنامەی دەسەڵاتی خەلیفەكانە لەو كاتەی دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەشێكی كارنامەكەیان لە یەكەم وتار دا خستەڕوو، ئەم وتارانە چ كاریگەرییەكیان لەسەر ڕەفتاری كۆمەڵایەتی و لاوازكردنی داب و نەریتی خێڵەكیی و كەمكردنەوە و سنووردار كردنی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە هەبوو؟ لەگەڵ شیكاركردنی وتارەكان هەوڵمان داوە ئەندازەی كاریگەری وتارەكان و جێبەجێ كردنی و پابەند بوونی خەلیفەكان بەو كارنامەیەی ڕایانگەیاند لە ژیانی ڕۆژانە دا بزانیین. توێژینەوەكە دەری دەخات، كە چۆن وتاری خەلیفەكان تیشكیان خستۆتە سەر بنەماكانی دادپەروەریی و یەكسانی و لێبوردەیی و ڕۆڵی ئەوان لە بەرەو پێشبردنی یەكگرتویی كۆمەڵایەتیی و كەمكردنەوەی ململانێكان، لە هەمان كاتدا تیشك ئەخاتە سەر هەڵوێستە كردارییەكانییان، لە ڕێگەیی جێبەجێكردنی بڕگەكانی پەیوەست بە یاسای ئیسلام بۆ تۆڵەسەندنەوە و ڕێگریكردن لە تۆڵەسەندنەوەی تاكەكەسیی. هەروەها توێژینەوەكە باس لە كاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەم وتارانە دەكات لە گۆڕینی چەمكی تۆڵەسەندنەوە لە هەوڵی تاكەكەسییەوە بۆ پرسێكی یاسایی ڕێكخراو و یەكلایی كردنەوەی لە بەردەم دەسەڵاتی دادوەریی شەرعیی دا، بۆ سەروەر كردنی یاسا و ڕێگرتن لە پەنا بردن بۆ تۆڵەسەندنەوەی خێڵەكیی. خەلیفەكان جەختیان لەسەر ئەوە كردۆتەوە، كە تۆڵە بە دادپەروەرانە وەربگیرێتەوە، هەروەها تۆڵەسەندنەوە تاكە چارسەرە، كە دادپەروەری زامن دەكات و مافەكان دەپارێزێت، ئەمەش بەشداربووە لە سنووردار كردنی مەیلی تۆڵەسەندنەوە. هەوەها جەختیان لەوە كردۆتەوە، كە دەسەڵاتی دادوەریی ئیسلامی ناوبژیوانی ناكۆكییەكانە، دەوڵەت پارێزەری مافی هاووڵاتیان دەبێت، بۆ دووركەوتنەوە لە داب و نەریتی خێڵەكیی و بە كلتووریی كردنی پەنا بردنە بەر دەسەڵاتی شەرعی، لەگەڵ ئەوەشدا هەر چوار خەلیفەكە بایەخێكی زۆریان بە لێبوردن و لێخۆش بوون داوە، بۆ بنیادنانی كۆمەڵگەیەكی یەكگرتوو و سەقامگیر، ئەم سیاسەتەش پێچەوانەی دیاردەی تۆڵەسەندنەوەیە، كە لە كۆمەڵگەدا باو بوو.

**وشە كلیلەكان:** خەلیفەكانی ڕاشدین، كارنامە، تۆڵەسەندنەوە، لێبوردن، دادپەروەریی.

## 1. پێشەكیی

خەلیفە كانی ڕاشدین كارنامەیەكی ڕوون و هەمەلایەنەیان خستۆتەڕوو، بەشی زۆری ئەم كارنامەیەش لە یەكەم وتاریاندا دەردەكەوێت، كە تیشكیان خستۆتە سەر بەدیهێنانی دادپەروەریی و پاراستنی مافی ستەملێكراوان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و هاندانی لێبوردەیی و بەكریزیی و تەبایی، بە ئامانجی بنیاتنانی كۆمەڵگایەكی بەهێز و سەقامگیر، دوور لە ململانێ و تۆڵەسەندنەوە. جەختیان لەسەر گرنگی یەكسانی كردۆتەوە، بۆ ئەوەی لاوازەكان ستەمیان لێ نەكرێت و بەهێزەكانیش ملكەچیی دەسەڵاتی دەوڵەت بكرێن، یەكەمجار یاسا لەسەر فەرمانڕەواكان جێبەجێ دەكرێت. هەروەها لە وتارەكاندا تیشكیان خستۆتە سەر ڕەتكردنەوەی تۆڵەسەندنەوەی كەسیی و خێڵەكیی و هاندانی لێبوردەیی، هاوكات سۆگەركردنی گەڕانەوەی مافەكان لە ڕێگەیی پەنا بردنە بەر دادگاكان، كە لەلایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتی دەكرێن، ئەمەش مەیلی تۆڵەسەندنەوە سنووردار دەكات. لەگەڵ ئەوەشدا، جەختیان لەسەر ئەوە كردۆتەوە، تۆڵە لە هەر كەسێك ئەگەر ستەم بكات، وەردەگیرێتەوە، لە لایەكی دیكەوە كارنامەی دەسەڵاتیان بە بەها ڕۆحییەكانی حوكمڕانییەوە گرێدا، داوایان لە خەڵك كردوە پابەند بن بە بنەكانی ئایینی ئیسلام و كار و كردەوەی چاكە و زوهد و خوا پەرستی و كار كردن بۆ دوا ڕۆژیان، هەڵنەگرتنی بارگرانی دنیا، ئەمەش بەشدار بوو لە چارەسەركردنی ئەو هۆكارە كۆمەڵایەتی و كلتووریانەی، كە هۆكار بوون لە سنووردار كردنی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە لە كۆمەڵگە دا. لەبەرئەوە دیاردەی تۆڵەسەندنەوە تەنیا پرسێكی كەسی یان بنەماڵەیی نییە، بەڵكوو لەوە تێدەپەڕێت؛ كاریگەریی لەسەر سەقامگیریی و یەكگرتوویی كۆمەڵگا دەبێت. خەلیفەكان بە دانایی و هۆشیارییەوە ڕووبەڕووی ئەم بابەتە بوونەتەوە.

*فەكولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

### 1.1.هۆکاری هەڵبژاردن و گرنگی توێژینەوەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە و گرنگیەکەی لەوە دا خۆی دەبینێتەوە، دەتوانرێت لە سەردەمی ئێستا دا وەکوو: پێشخستنی بەهای دادپەروەریی لە کۆمەڵگا دا، سوودی لێ وەربگیرێت بۆ بنیاتنانی سیستەم و یاسای مۆدێرن، لەبەرئەوە پرسی تۆڵەسەندنەوە بۆ کۆمەڵگا هاوچەرخەکان نامۆ نییە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی، کە هێشتا بەدەست ململانێی خێڵەکی یان بنەماڵەییەوە دەناڵێنن. دەکرێ کارنامەی خەلیفەکان بۆ هێورکردنەوەی خەڵک و چارەسەرکردنی ململانێکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە کەڵکی لێ وەربگیرێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگایانەی لە پاڵ داب و نەریتە خێڵەکییەکان، ئایین رۆڵێکی باڵای هەیە لە ژیانییاندا. لەبەرئەوەی داوای کلتووریی لێبوردەییان دەکرد وەک بەدیلێک بۆ تۆڵەسەندنەوە، کە بەهایەکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی و بڵاوکردنەوەی کلتووریی ئاشتی و برایەتیی لە هەرێمەکەمان، کە شایەتحاڵی چەندین ململانێی خێڵەکیی و سیاسیی بووین، لە شوێن و ناوچە جیاوازەکان.لەگەڵ ئەوەشدا، جەخت لەسەر بەهاکانی ڕاستگۆیی و دەستپاکی و دڵسۆزی دەکەنەوە، کە هەموو ئەمانە بەهای بنەڕەتین دەتوانرێ لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا بنیات بنرێنەوە، کە بەدەست دابەزینی بەهاکانەوە دەناڵێنن. هەروەها باسییان لە گرنگی یەکڕیزی و ڕەتکردنەوەی دووبەرەکی کردۆتەوە، ئەمەش ئەو دەردە کوشندەیەیە، کە ئەمڕۆ پێویستمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی، کە کۆمەڵگاکان تووشی دارمان دەکەن و بەدەستییەوە دەناڵێنن، دەتوانرێت لە فەلسەفەی ئەم کارنامانە، کە لە وتارەکانیاندا خۆی دەبینێتەوە کەڵک وەربگیرێت بۆ پێشکەشکردنی گوتارێکی هاوسەنگ، کە سەرنجی لەسەر چارەسەرەکان بێت نەک هاندان و خۆشکردنی ئاگریی ململانێکان، کە ئەمەش لەگەڵ ڕۆڵی میدیای ئەمڕۆ لە بنیاتنانی کۆمەڵگاکاندا زۆر گونجاوە. وتاری خەلیفەکان تەنیا دەقێکی مێژوویی نییە، بەڵکوو میراتێکی کلتووریی و ئایینییە، کە هەڵگری بەهای نەمرن، دەتوانرێت ئیلهامبەخش بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی سەردەمی ئێستامان.

### 2.1 گرفتی توێژینەوەکە:

هەرچیی سەبارەت بە گرفتی توێژینەوەکەیە خۆی لە کۆمەڵە پرسیارێك دەبینێتەوە، کە لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵی وەڵام دانەوەی دراوە، پرسیارەکانیش ئەمانەن: (خەلیفەکان چ ڕێبازێکیان گرتۆتەبەر بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە؟ چۆن باسیان لە پەیوەندی نێوان دادپەروەری شەرعی و تۆڵەسەندنەوەی کەسی کردووە؟ ئەو ڕەهەندە سیاسیی و کۆمەڵایەتییانە چین، کە لە کارنامەکانیاندا سەبارەت بە چارەسەرکردنی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە ڕەنگ دەداتەوە؟ تا چەند بەشدار بوون لە کەمکردنەوەی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە و بەرەوپێشبردنی بەهاکانی لێبوردن و ئاشتەوایی؟ جیاوازییە هەرە بەرچاوەکانی مامەڵەی هەریەک لە خەلیفەکان لە سەرکەوتنیان بە رێژەیەکی زۆرتر لە چیی دایە؟) لە درێژەی توێژینەوەکە دا هەوڵمان داوە، وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

### 3.1.گریمانەی توێژینەوەکە:

ئەوەی شایەنی باسە ئەم توێژینەوەیە گریمانەیەکی سەرەکیی لە خۆ دەگرێت، ئەویش بریتییە لەوەی: خەڵکیی پەنا نابەنە بەر تۆڵەسەندنەوە، ئەگەر دادپەروەری هەبێت و یاسا لەسەر تاوانبار جێبەجێ بکرێت. کاتێك خەڵکیی بێهیوا دەبن لەوەی دادگا مافەکانییان بۆ بگێڕێتەوە، ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر تۆڵەسەندنەوەی کەسیی لە دەرەوەی دادگا و بۆ خۆیان تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، ئەمەش بۆ هەموو سەردەمێك ڕاست و درووستە.

### 4.1. توێژینەوەکانی پێشووتر:

سەبارەت بەو توێژینەوانەی پێشتر لەو بوارە دا نووسراوون، ئاشکرایە توێژینەوە لەسەر وتارەکان نووسراوون وەك: (الهادى عبد الكريم ابكر: خطب الخلفاء الراشدين، دراسة وصفية ادبية)، (محمد احمد عاشور: خطب امير المؤمنين عمر بن الخطاب ووصاياه)، (علي بن السلطان محمد: موعظة الحبيب وطحفة الخطيب). بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هیچ توێژینەوەیەکمان بەر چاو نەکەوت بە ناونیشانی: (کاریکەریی کارنامەی خەلیفەکان لەسەر دیاردەی تۆڵەسەندنەوە)، واتە: لەسەر وتارەکان نووسراوە، بەڵام لەسەر دیاردەی تۆڵەسەندنەوە بەرچاومان نەکەوتووە هەبێت، ئەو توێژینەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن وەکوو لە ناونیشانەکانییان دەردەکەوێت بۆ پەند و ئامۆژگاری، یان لایەنی ڕەوانبێژی لە وتارەکان دەرهێنراوون، چونکە عەرەب زۆر گرنگییان بە رەوانبێژی داوە، لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە دەستپێشخەرییەکی نوێ دەبێت لەم بوارە دا. بەمەش سوودێکی ئێجگار گەورەی دەبێت لەسەر گرنگی دان بە کارنامەی سیاسیی و زانستیی، تەنانەت کارنامەی شەریکات و کۆمپانیاکانیش، بەڵام وەکوو ڕوونمان کردۆتەوە ئەوکاتە کاریگەریی و سوودی دەبێت ئەگەر جێبەجێ بکرێت و ویستی جێبەجێ کردنی هەبێت. سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەکە ڕێگا چارە بۆ دیاردەیەکی باووی ناو کۆمەڵگە دا دەنێت، کە بریتییە لە تۆڵەسەندنەوەی کەسیی و خێڵەکیی لە دەرەوەی دادگاکان. کەواتە جیاوازی ئەم توێژینەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی تر ئەوەیە، کە تەنیا ڕووداوەکان ناگێڕێتەوە، بەڵکوو پەنجە دەخاتە سەر برینەکان و دیاردەیەکی باووی ناو کۆمەڵگە و چارەسەرییەکان دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی لە هەموو بوارەکان کەڵکی لێوەربگیرێت.

### 5.1. میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژەران بۆ گەیشتن بە دەرەنجامی زانستی ناچار دەبن پشت بە یەکێك لە میتۆدەکان ببەستن، ئێمەش لەم توێژینەوەیە دا پشتمان بە ڕێبازی شیکاری مێژوویی و ڕەخنەیی بە ستووە، بۆ خستەڕووی کارنامەی خەلیفەکان و دواتر شیکار کردنی و کاریگەرییان لەسەر دیاردەی تۆڵەسەندنەوە، بە ڕەچاوکردنی بواری زانستیی بابەتی توێژینەوەکە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانی دەستنیشانکراو، لە هەر شوێنێکیش پێویست بە یەکلاکردنەوەی زانیارییەکان بووبێ، بە پشت بەستن بە ڕێبازیی لێگەڕان و بەراوردکاریی، ڕووداوەکانمان شی کردۆتەوە.

### 6.1. پلانی توێژینەوەکە:

هەرچیی سەبارەت بە پلانی توێژینەوەکەیە، لە پوختە و پێشەکیی و دەروازە و دوو تەورەیی سەرەکیی و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، لە دەروازە دا پێناسەی دیاردەی تۆڵەسەندنەوەمان کردووە لە ڕووی زمانەوانیی و زاراوەییەوە، ئەوەمان روون کردۆنەوە کە تۆڵە بەمانای جێبە جێکردنی سزای شەرعی دێت لەسەر تاوانبار بەو شێوەیەی کە

تاوانەکەی ئەنجام داوە، بەبێ سـنوور بە زاندن. لە تەوەریی یەکەمدا، کارنامەی خەلیفەکان راڤە کراوە و شـیکراوەتەوە، تا چ رادەیەك کاریگەرییان لەسـەر سـنووردار کردنی دیاردەی تۆڵەسـەندنەوە هەبووە، تا چەند لە کارنامەکانییان بایەخیان بە دیاردەی تۆڵەسـەندنەوە داوە؟ هەرچیی تەوەریی دووەمە، تایبەت کراوە بە کاریگەریی و جێبەجێ کردنی کارنامەی خەلیفەکان لە ژیانی رۆژانە دا، تا چەند لە ژیانی رۆژانە دا جێبەجێ کراوە و رەنگی داوەتەوە؟ لەو بوراەشـدا دوو لایەنی گرنگمان وەرگرتووە، وەکوو سیستمی کارگێریی ویلایەتەکان و دادوەریی بە بەرقەرارکردنی هێمنی و ئاسایش و سنووردار کردنی دیاردەی تۆڵەسـەندنەوە. لە کۆتاییدا، ئەنجام و لیسـتی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

لەم توێژینەوەیە دا سـوودمان لە چەند سـەرچاوەکی گرنگ وەرگرتووە، لە باسـی یەکەم بۆ پێناسـەکردنی چەمکی تۆڵە سوودمان لە تەفسیرەکانی قورئانی پیرۆز وەرگرتووە، وەکوو (تەفسیری ابن کثیر) و کتێبەکانی زمان، وەکوو (ابن منظور: لسان العرب) و وەرگرتووە. بەڵام لە باسەکانی تر بە شێوەیەکی زۆر سوودمان لە(ابن هشام: السيرة النبوية) و (الطبري: تاريخ الرسل والملوك) و (امام علي: نهج البلاغة) و(سيف بن عمرو التميمي: الفتنة ووقعة الجمل) وەرگرتووە. لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەسەرچاوەی تر، کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ کراوە.

لە کۆتاییدا، هیوادارین توێژینەوەیەکی بە کەڵك و بە سوودمان پێشکەش کردبێت؛ لەگەڵ ئەوەشدا دان بە کەم و کوورتییەکاندا دەنێین و هیچ کارێکی مرۆڤ بەدەرنییە لە کەم و کووڕیی و ناتەواویی.

## 2. دەروازە: پێناسەی تۆڵە لە ڕووی زمانەوایی و زاراوەییەوە

### 2. 1. پێناسەی تۆڵە لە ڕووی زمانەوانیی:

تۆڵە (الثأر): لە زمانی عەرەبییدا واتە: داواکردنەوەی تۆڵەی خوێنی کوژراو (مجـد الـدين ابن الاثير، 1979، 204/1). دەوترێت (ثَأَرْتُ الْقَتِيلَ) (الحميرى، 1999، 922/2)، واتـە: تۆڵـەی کوژراوەکەم کردەوە، هەروەها بـە (الذحل) هاتووە: دەوترێت: (طَلَبَ بذَحْله) (ابن فارس، 1979، 370/2؛ الرزاي، 1999، 112/1)، واتـە: داوای تۆڵـەی کرد، وتراوە: (الثَّأْرُ الطَّلَبُ بـالدَّمِ) (ابن سـيدة، 2000، 172/10؛ ابن منظور، 1414هــــ، 4، 97)، واتە: تۆڵە بریتییە لە داواکردنی خوێن، یان خودی خوێن خۆیەتیی(ابن منظور، 1414هـــــ، 97/4)، کۆکردنەوەی دەبێتە (أَثْآرٌ وآثارٌ) (ابن منظور، 1414هــــــ، 97/4؛ الـفـيـروز ابـادي، 2005، 358/1) (الـثَّـأْرُ قـاتـلُ حَمِيمكَ)(ابن سيدة، 2000، 172/10؛ ابن منظور، 1414هـــ، 97/4). واتـە: تۆڵـەسـەندنـەوە لـە بکوژی دۆسـت و خزم، دەوترێت: (أَدْرَكَ ثَأْرَهُ منه) (الفراهيدي، د.م، 236/8)، واتە: تۆڵەی خۆی لێ سـەندەوە. (أدرك مَنْ يطلب ثَأْرَهُ)(الازهري، 2001، 82/15؛ ابن منظور، 1414هـ، 97/4)، ئەوەی داوای تۆڵەبکات، بە ئامانجەکەی دەگات (ابن منظور، 1414هـــــ، 97/4؛ الزبيدي، د.م، 305/10).

شایەنی باسە لە قورئانی پیرۆزدا وشـەی (القصاص) بەمانای تۆڵەسـەندنەوە هاتووە. (القصـاص) لە (قص)ەوە هاتووە، بە واتـای بـەدوا داچوون دێت (الثعلبي، 2002، 54/2؛ البغوي، 1420هـــ، 207/1؛ الفيروز ابـادي، 2005، 627/1). لـەبـەرئـەوە تۆڵـەکـەرەوە ئـەوە بـە تـاوانبـار ئـەکـات، کـە کردوویەتیی، وەك ئەوەی شـوێن کردارەکەی بکەوێت (امارة، 2021، ص46). واتە زیادەڕەویی تێدا نییە؛ بەهەمان شـێوە تۆڵـەی خۆی دەکـاتـەوە. (القصـاص) لـە (الثـار) وردترە و دادپـەروەری تێدایـە، هـەروەك خوای گـەورە دەفـەرموویـت: ﴿...كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِصَاصُ فِي ٱلْقَتْلَىۖ ٱلْحُرُّ بِٱلْحُرِّ وَٱلْعَبْدُ بِٱلْعَبْدِ وَٱلْأُنثَىٰ بِٱلْأُنثَىٰ﴾. (سـورة البقرة، الاية 178). واتە: لەسـەر ئەوانەی کوژراون تۆڵەمان بۆ بڕیارداون، وەکوو خۆی بە بێ سـنووربەزاندن، تەنیا تۆڵە لە تاوانبار وەردەگیرێتەوە (ابن كثير، 2014، 371/1). یـان دەفـەرموویـت: ﴿وَلَكُمْ فِي ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ يَٰٓأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ﴾. (سـورة البقرة، الاية 179) واتـە. لـە تۆڵـەکردنـەوەدا ژیـان هـەیـە. (ابن كثير، 2014، 371/1) هـەروەهـا لـە فـەرموودەی پێغـەمبـەر(ﷺ) (الثـأر) هاتووە، کە دەفەرموێت: (اللهم اجعل ثأرنا على من ظلمنا...) (الترمذي، د.م، 528/5). واتە: خوایە تۆڵەی ئێمە لەو کەسـانە بکەوە کە سـتەمییان لێ کردووین.. موسـڵمان لە ڕێگەی ئەم پارانەوەیە هەوڵدەدات خۆی لە تۆڵەسەندنەوەی کەسیی بەدوور بگرێت و پێیی باشـە دادپەروەریی لە ڕێگەی خوداوە بێت، کە بارودۆخ و مەبەستەکان باشتر دەزانێت.

### 2.2. چەمکی تۆڵە لە ڕوویی زاراوەییەوە:

تۆڵە لە ڕووی زاراوەییەوە هەمان مانای زمانەوانیی هەیە، کە بـەمـانـای داواکردنـەوەی خوێنی ڕاژاو دێت. تۆڵـە بریتییـە لـە ئـەنجـامـدانی تـاوانی کوشـتن، برینـدارکردن، یـاخود هـەر ئازاردانێکی جەسـتەیی، یان دەرونیی (زەڵمی، 2015، ل28). هەروەها بە مانای تۆڵەسـەندنەوە لەو کەسـەی، کە ئەو کارەی ئەنجـامـداوە، بەو پێیەی خـاوەن مـاف بـاوەڕیی بەوە هـەیە تۆڵەسەندنەوە بەرپرسیاریەتییەکە کەوتۆتە سەرشانی و دەبێت تۆڵەبکـاتەوە و مـافـەکـەی وەربگرێتـەوە (عبدالجواد، 2007، ص65).

ئەوەی شـایەنی باسـە دیاردەی تۆڵەسـەندنەوە لە نێو کۆمەڵگەی عەرەب و نەتەوەکـانیی تری ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـتـدا بە (کوردسـتـان)نیشـەوە بۆ هـەمـان نـەنگیی و بیرکردنـەوە دەگەڕێتەوە، کە پێشـتر لە پێناویدا پەنایان بۆ دەبرد! ئێسـتاش پەنا دەبرێتە بەر تۆڵەسـەندنەوە لەبەر نەنگی و شـەرمەزاری و بەکەم تەماشاکردن و بەبێ دەسەڵات و ترسنۆك تەماشاکردنییان لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە، لەبەرئەوە پەنا بۆ تۆڵەسـەندنەوە دەبەن و قوربانی بۆ دەدەن، بەبێ گوێدانە ئەوەی دەرەنجامەکەی چۆن دەبێت.

## 3. تەوەری یەکەم: شیکاریی کانامەی خەلیفەکانی ڕاشدین

لە دوای مردنی پێغەمبەر(ﷺ)، (ابو بكر الصـديق 11- 13ك/ 632- 634ز) بوو بـە جێنشـین و خـەلیفـەی موسـڵمـانـان. لەسـەردمی ئەودا کێشـەکانی تۆڵەسـەندنەوە (قصـاص) بە واتا تەقلیدییەی، بە شـێوەیەکی ڕوون دەرنـەکـەوت، بەتـایبەت لە چوارچێوەی سیاسیی و فیکری و تەنانەت لەسـەر ئاستی تاکە کەسـیش، بەڵام هەندێک هەڵوێسـت هەن دەکرێت لە چەند گۆشـەنیگایەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بەتایبەتی هەندێک لە هۆزەکان لە ئایین هەڵگەڕانەوە و بڕیاری ئەوەیان دا، کە زەکـات نـادەن. بڕیـاری شـەڕکردن لەگەڵ هەڵگەڕاوەکـان دەکرێت لە گۆشەنیگای سیاسیی و ئایینیەوە لێکبدرێتەوە، بەڵام

لە ناوەڕۆکدا ڕەهەندێکی تۆڵەسەندنەوەی گشتی تێدا بوو، کە پێی وابووە دەرچوون لە کۆمەڵ و خۆبواردن لە ئەنجامدانی ڕوکنێک لە ڕوکنەکانی ئیسلام مایەی بێدەنگ بوون نییە (الواقدي، 1990، ص51-52؛ ابن حبان، 1417هـ، 430/2). خەلیفە کارنامە و سیاسەتەکەی لە یەکەم وتاریدا پێشەکەشی ئامادەبووان کرد، تێیدا هاتبوو: (أَيُّهَا النَّاسُ، فَإِنِّي قَدْ وُلِّيتُ عَلَيْكُمْ وَلَسْتُ بِخَيْرِكُمْ، فَإِنْ أَحْسَنْتُ فَأَعِينُونِي، وَإِنْ أَسَأْتُ فَقَوِّمُونِي...) (ابن هشام، 1995، 661/2؛ الطبری، 1407هـ، 238/2؛ ابن حبان، 1417هـ، 424/2). واتە: (ئەی خەڵکینە، من کراووم بە فەرمانڕەواتان، بەڵام لە ئێوە باشتر نیم، ئەگەر چاکم کرد یارمەتیم بدەن، ئەگەر خراپەم کرد ڕاستم بکەنەوە).

ئەگەر لەو بەشەی وتارەکەی خەلیفەی یەکەم وردبینەوە، دەبینین ئەم خۆنەویستییە ژینگەیەک دروست دەکات، کە هەستی نا- دادپەروەریی یان پێویستی تۆڵەسەندنەوە کاڵ دەکاتەوە، بەو پێیەی خەڵک دەبینێت، کە فەرمانڕەوا بانگەشەی بێ هەڵە و پەڵەیی خۆی ناکات و ڕەخنە و پێشنیار وەردەگرێت و داوا دەکات هەمووان هاوکاری بکەن لەسەر چاکە و دەستی بگرن لە خراپە دا. ئەمە دانانە بەوەی کەس لە یاسا بەرزتر نا بێت، دەوڵەت ئیشی ئەوان دەکات و پارێزەری مافەکانیان دەبێت. بە کرداریش ئەمە ڕوویدا لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا، کاتێک خەلیفە (ابو بكر) بریاریدا شەڕی ئەو هۆزانە بکات، کە زەکات نادەن، (عمر بن الخطاب) دژی وەستایەوە و فەرمووی: (چۆن شەڕی کەسانێک دەکەی، کە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت: (فەرمانم پیکراوە شەڕی کەسانێک بکەم تا دەڵێن (لا إله إلا الله)، هەرکەسێک ئەمە بڵێت خوێن و ماڵی لەمن پارێزراو دەبێت). لە وەڵامدا، گوتی: بە خوا شەڕی هەرکەسێک دەکەم جیاوازی بخاتە نێوان نوێژ و زەکات (الواقدي، 1990، ص51-52؛ ابن حبان، 1417هـ، 430/2).

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا، کە بە خاڵێی گرنگی کارنامەی دەسەڵاتەکەی دادەنرێت، فەرمووی: " وَالضَّعِيفُ فِيكُمْ قَوِيٌّ عِنْدِي حَتَّى أُرِيحَ عَلَيْهِ حَقَّهُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ، وَالْقَوِيُّ فِيكُمْ ضَعِيفٌ عِنْدِي حَتَّى آخُذَ الْحَقَّ مِنْهُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ،" (ابن هشام، 1995، 661/2؛ الطبری، 1407هـ، 238/2؛ ابن حبان، 1417هـ، 424/2). واتە: (بێهێزتان لەلای من بەهێزە تا بەویستی خوا مافی خۆی بۆ دەگێرمەوە، بەهێزیشتان لەلای من بێهێزە، تا بەویستی خوا مافی لێ وەردەگرمەوە...). ئەم بەشەی وتارەکەی بە ئاشکرا مانای تۆڵەسەندنەوەی بەسەرپەرشتی دەوڵەت لێ دەخوێندرێتەوە، بەوەی تیشک دەخاتە سەر جێبەجێ کردنی دادپەروەریی لە کۆمەڵگە دا، بەبێ گوێدانە پلە و پێگەی کۆمەلایەتیی کەسیی ستەمکار و ستەملێکراو، پەیامێکی ڕوونە؛ بۆ نەهێشتنی بیرۆکەی تۆڵەسەندنەوەی کەسیی و خێڵەکیی و سەروەرکردنی شەریعەت. دەوڵەت ڕێز و شکۆ و مافی هاوڵاتییانی دەپارێزێت و بناغەکانی دادپەروەریی لەسەر بنەمای یەکسانی لەبەردەم یاسا دا دەنێت، بەڵێنی پێدان، کە مافی هیچ کەسێک بەسەر کەس ناهێڵێتەوە و مافی هەموو ستەملێکراوێک وەردەگرێتەوە، ئەمەش وادەکات خەڵک لە بری تۆڵەسەندنەوەی کەسیی پەنا بۆ دادگاکان ببەن. بەو پێیەی پەنابردن بۆ دادگا ئاسانترە لە پەنابردن بۆ تۆڵەسەندنەوە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیریی لە وڵات دێنێتە ئاراوە و ویستی تۆڵەسەندنەوەی کەسیی کەم دەکاتەوە، بەو پێیەی هەمووان دڵنیا دەکاتەوە، کە دادوەر لە چوارچێوەیەکی دادپەروەرانە دا مافی لاوازەکان لە بەهێزەکان وەردەگرێتەوە، لە تەوەری دووەم لەم بوارەدا نموونە هێنراوەتەوە.

وەکو دەزانین لە پێش ئیسلام تۆڵەسەندنەوە ڕێگەیەک بوو بۆ سەپاندنی هەژموون و شکۆی هۆزەکان (ابن عبد ربه، 1404هـ، 71/6؛ النويری، 2004، 304/15)، تۆڵە بە شێوەیەکی خێڵەکیی وەردەگیرا، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی ئەمە بووە ئەرکی دەوڵەت و ڕێکخرا، کارنامەی خەلیفە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە دەیەوێت هەژموونی خێڵ لاواز بکات، بەوەی دەوڵەت دەبێتە پارێزەری مافی هەموولایەک، خەلیفە بە جێبەجێکردنی وتارەکەی متمانەی خەڵکی بە دەسەڵات پتەوتر کرد، بەو پێیەی دووپاتی کردەوە، کە لەگەڵ ستەملێکراواندا دەوەستێت و مافەکانیان وەردەگرێتەوە بەبێ گوێدانە پلە و پێگەیی کەسەکان.

لە بەشێکی تری کارنامەکەیدا، هانیی موسڵمانان دەدات و ئاراستەیان دەکات بۆ جیهادی دووژمنان " لَا يَدَعُ قَوْمٌ الْجِهَادَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ إِلَّا ضَرَبَهُمْ اللَّهُ بِالذُّلِّ " (ابن هشام، 1995، 661/2؛ الطبری، 1407هـ، 238/2؛ ابن حبان، 1417هـ، 424/2). بۆ ئەوەی سەرنجیان لەسەر دووژمنێکیی هاوبەش بێت، بۆ پارێزگاری کردن لە سنووری دەوڵەتی ئیسلامی و پاراستنی لە هێرشی دەرەکیی و زاڵبوون بەسەر گرفتە ناوخۆییەکان. واتە: تۆڵە لەو هێزانە بکەنەوە، کە سەقامگیریی ناوخۆیی تێک دەدەن و هەڕەشەن لەسەر کۆمەڵگەی موسڵمانان. کۆتایی بە وتارەکەی هێنا بەوەی " قُومُوا إِلَى صَلَاتِكُمْ يَرْحَمُكُمْ اللَّهُ " (ابن هشام، 1995، 661/2؛ الطبری، 1407هـ، 238/2؛ ابن حبان، 1417هـ، 424/2). (هەستن بۆ ئەنجامدانی نوێژەکانتان ڕەحمەتی خواتان لێ بێت). نوێژ کردن کاریگەریی لەسەر لایەنی ڕۆحی هەیە و برایەتی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا پتە و دەکات لە ڕێگەی پەرستنی هاوبەشەوە. ئەم یەکگرتنە ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندی خۆشەویستی و لێبوردەیی نێوان تاکەکانە، ئەمەش توندی ململانێکان کەم دەکاتەوە و هانی لێبوردەیی دەدات، بەمەش کۆمەڵگایەک دروست دەبێت، کە ئاشتەوایی لە تۆڵەسەندنەوە پێ باشتر دەبێت.

لە دوای مردنی خەلیفە (ابو بكر الصديق)، (عمر بن الخطاب 13- 23ك/ 634- 644ز) دەسەڵاتی گرتە دەست و بوو بە دووەم خەلیفەی ڕاشدین، بەهەمان شێوە پلان و کارنامەی خۆی پێشکەشکرد و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوەڵان و شێوازی حوکمڕانییەکەی لە یەکەم وتاریدا ڕوون کردەوە و فەرمووی: " فَقَدِ ابْتُلِيتُ بِكُمْ وَابْتُلِيتُمْ بِي وَخَلَفْتُ فِيكُمْ بَعْدَ صَاحِبِي. فَمَنْ كَانَ بِحَضْرَتِنَا بَاشَرْنَاهُ بِأَنْفُسِنَا وَمَهْمَا غَابَ عَنَّا وَلَّيْنَا أَهْلَ الْقُوَّةِ وَالأَمَانَةِ" (ابن سعد، 1990، 208/3؛ البلاذری، 1996، 306/10؛ ابن عساكر، 1995، 44، 263). واتە: (لە ڕاستیدا، من بەئێوە و ئێوەش بە من تاقی دەکرێنەوە، لە دوای هاوەڵەکەم بووم بە (جێنشین)تان، خۆم سەرپەرشتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆم دەکەم و شوێنە دوورەکان هەرچەند دووربن، کەسانی خاوەن هێز و دەستپاکییان لەسەر دادەنێین).

بە هەموو شێوەیەک هەوڵیدا دیاردەی تۆڵەسەندنەوە سنووردار بکات، هاوڵاتییان دڵنیا دەکاتەوە، کە لە دوور و نزیک هەم خۆی هەم لە ڕێگەی والی و کاربەدەستی بەهێز پارێزگاری لەسەر و ماڵیان دەکات، هەرچەند لە ناوەندی حوکمڕانیش دووربن، ئەمەش پەنابردن بۆ تۆڵەسەندنەوە

سنووردار دەکات، چونکە ئەوانەی پەنا بۆ تۆڵەسەندنەوە دەبەن، زۆر جار بە هۆی نا- دادپەروەری و بێ ئومێد بوونە لە دادپەروەری دەسەڵات، بەڵام خەلیفە بۆ خۆی چاودێری بازاری دەکرد و شەوان بە ناو شاردا دەگەڕا بۆ ئەوەی چاودێری کاروباری خەڵك بکات (الطبري، 1407هـ، 559/2)، ئەم چاودێرییە دیاردەی تۆڵەسەندنەوە و هۆکارەکانیش بنبڕ دەکات.

لە بەشێکی تری کارنامەکەیدا، کە لە یەکەم وتاریدا پێشکەشی کرد، دڵنیایی زیاتریان پێ دە بەخشێت، تێیدا هاتووە: " فَمَنْ يحسن نزده حسنا ومن يسيء نُعَاقِبْهُ" (ابن سعد، 1990، 208/3؛ البلاذری، 1996، 306/10؛ ابن عساکر، 1995، 44، 263؛ محب الدين الطبری، 2/ 404) واتە: (هەرکەسێک چاکە بکات، چاکەی لەگەڵ دەکەین، هەرکەسێک ستەم بکات، سزای دەدەین)، واتە: هەرکەسێک پابەند بێت بە بڕیار و ڕێنماییەکانی دەوڵەت و چاکەکار و بێ گرفت بێت، ئەوا ڕێز لێگیراوو پارێزراو دەبێت و چاکەی لەگەڵ دەکرێتەوە، هەرکەسێک ستەم بکات، تۆڵەی لێ دەکرێتەوە.ئەم سیاسەتە هانی خەڵک دەدات، کە پەیڕەویی لە ڕەفتاری باش بکەن و خۆیان لە تۆڵەسەندنەوە بە دوور بگرن.

بە نزایەك کۆتایی بە وتارەکەی دێنێت: " وَيَغْفِرُ اللَّهُ لَنَا وَلَكُمْ" (ابن سعد، 1990، 208/3؛ البلاذری، 1996، 306/10؛ ابن عساکر، 1995، 44، 263). واتە: (خوای گەورە لە ئێمە و ئێوەش خۆش بێت) ئەم نزایە ڕەنگدانەوەی بانگەوازێکی نا- ڕاستەوخۆیە بۆ لێبوردەیی و لێخۆش بوون، هانی خەڵک دەدات بۆ لێبوردن نەک تۆڵەسەندنەوە. خەلیفە لە ڕێگەی ئەم وتارەوە بەشێکی کارنامەی دەسەڵاتەکەی ڕوون کردەوە، لە ڕووی گرنگیدان بە خەڵک و جێبەجێکردنی سزا بۆ دەستدرێژی کاران، ئەمەش متمانەی خەڵک بە سیستەمی حوکمڕان بەهێز دەکات و وایان لێدەکات لە ژێر چەتری دادپەروەریدا هەست بە ئاسایش و ئارامی بکەن. نیشاندانی توندی لەگەڵ ستەمکاران و میهرەبانی لەگەڵ ئەوانەی چاکە دەکەن، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە، چونکە یاسای شەریعەت دەبێتە بەدیلێکی بەهێز بۆ تۆڵەسەندنەوەی کەسیی و خێڵەکیی.

لەدوای کوژرانی خەلیفە (عمر بن الخطاب)، (عثمان بن عفان 23-35ك/ 644- 656ز) بەیعەتی خیلافەتی پێدرا، بە غەمبارییەکی زۆرەوە چۆنەتە سەر مینبەر و وتارێك دەخوێنێتەوە، تێیدا کارنامەی خۆی ڕوونکردۆتەوە، کە پابەندی قورئان و سوننەت و ڕەفتاری هەردوو شێخەکە خەلیفە (ابو بکر الصديق) و (عمر بن الخطاب) دەبێت (سيف بن عمر التميمی، 1993، ص86؛ الطبری، 1407هـ، 639/2). لە پاشاندا؛ ئامۆژگاری خەڵکەکەی کرد و فەرمووی: " إِنَّكُمْ فِي دَارِ قُلْعَةٍ، وَفِي بَقِيَّةِ أَعْمَارٍ، فَبَادِرُوا آجَالَكُمْ بِخَيْرِ مَا تَقْدِرُونَ عَلَيْهِ، فَلَقَدْ أُتِيتُمْ، صُبِّحْتُمْ أَوْ مُسِّيتُمْ، أَلا وَإِنَّ الدُّنْيَا طُوِيَتْ عَلَى الْغُرُورِ، فَلا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا، وَلا يَغُرَّنَّكُمْ بِاللَّهِ الْغَرُورُ، اعتبروا بمن مضى، ثم وجدوا وَلا تَغْفُلُوا، فَإِنَّهُ لا يُغْفَلُ عَنْكُمْ..." (الطبری، 1407هـ، 2/ 589- 560؛ ابن الجوزی، 1992، 336/4). واتە: (ئێوە لە ماڵێکی کاتی دان؛ تا زیندوون، چەندی لە تواناتان دایە دەستپێشخەری کردەوەی چاکە بکەن. دنیا بە لە خۆبایی و گومڕا بوونەوە پێچراوەتەوە؛ نابێ ژینی دنیا فریووتان بدات، ئاگاداری شەیتانبن، بە بەخشندەیی خودا فریوتان نەدات، پەند و ئامۆژگاری لەوانەی پێش خۆتان وەربگرن، گرفتاری بێ ئاگایی مەبن، خوای گەورە لە ئێوە بێ ئاگا نا بێت...)"

ئەگەر لە وتاری خەلیفە (عثمان بن عفان) وردبینەوە، دەبینین جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ وتاری خەلیفەکانی پێش خۆی، ئەو بە خاکەرایی و نەرم و نیانییەکەی جیادەکرایەوە، زیاتر وەکوو پەیڕەو کاری ڕێبازی خەلیفەکانی پێش خۆی، خۆی ناساند، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر وتارەکەی و شێوازی فەرمانڕەواییەکەی هەبوو. لە کاتێکدا پێویست بوو وتارەکەی و جێبەجێکردنی جیاوازتر بوایە، لەبەرئەوەی لەسەردەمی ئەو، خیلافەتی ئیسلامی زۆر فراوان بوو، دەوڵەتی ئیسلامی زۆر ناوچە و شوێن و کلتوور و میللەتی جیاوازی گرتەوە، هەروەها خەلیفەی پێش خۆی تیرۆر کرا بە دەستی (ابو لؤلؤ فيروز المجوسی)، دوای ئەوەی چەند موسڵمانێکی تری بە خەنجەرەکەی بریندار کرد، خۆی کوشت (النووی، د.ت، 13/2). لەبەرئەوە پێویست بوو وتارەکەی بە شێوەیەکی تر پێشکەش کردبوایە.

لە دوای کوژرانی خەلیفە (عثمان بن عفان)، (علي بن ابي طالب 35-40ك/ 656- 661ز) بە خەلیفەی موسڵمانان دیاریکرا و بەیعەتی خیلافەتی پێدرا، لەسەردەمی خەلیفەی چوارەم دیاردەی تۆڵەسەندنەوە بە شێوەیەکی فراوان لەسەر ئاستی ناوخۆیی دەستی پیکرد، کە یەکێك لە هۆکارەکانی دەمارگیریی هۆزایەتی بوو، خەلیفە کارنامەی دەسەڵاتەکەی خستەڕوو و فەرمووی: " إن الله عَزَّ وَجَلَّ أنزل كتابا هاديا بين فِيهِ الخير والشر، فخذوا بالخير ودعوا الشر الفرائض أدوها إِلَى اللَّهِ سُبْحَانَهُ يؤدكم إِلَى الجنة" (امام علی، 1408هـ، ص75؛ سيف بن عمر التميمی، 1993، ص95)، واتە: (خوای گەورە پەرتوکێکی ڕێنیشاندەری دابەزاندووە، چاکە و خراپەی تێدا ڕوون کردۆتەوە، چاکە بکەن لە خراپە رزگارتان دەبێت، ئەو ئەرکانەی خوا لەسەری پێویست کردوون ئەنجامی بدەن، دەتان گەیەنێتە بەهەشت).

ئەم بەشەی کارنامەکەی لە یەکەم وتاریدا بە شێوەیەکی نا- ڕاستەوخۆ باس لە دیاردەی تۆڵەسەندنەوە دەکات بە ئاراستەکردنی موسڵمانان بۆ پابەندبوون بە چاکە و جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکان و وازهێنان لە خراپە، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمای دادپەروەریی و بەزەیی دامەزرا بێت، قورئانی پیرۆز بە ڕوونی تیشک دەخاتە سەر چاکە و خراپە، پێوەرێکی ڕوون بۆ کۆمەڵگا دابین دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکیەکاندا. تۆڵەسەندنەوە بە جۆرێک لە خراپەکاری دا دەنرێت ئەگەر سنووری یاساییەکان تێپەڕێنێت یان ببێتە ئامرازێک بۆ تۆڵەسەندنەوەی کەسیی. بیری خستنەوە، جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکان مرۆڤ بەرز دەکاتەوە، دووری دەخاتەوە لە تۆڵەسەندنەوەی هەڕەمەکی. تاکێک کە پابەند دەبێت بە پەرستشەکانەوە، فێری خۆبەدەستەوەدان و پابەندبوون بە بڕگەکانی شەریعەت دەبێت، ئەمەش کەوتنە ناو سووڕی تۆڵەسەندنەوە کەم دەکاتەوە. گەڕان بەدوای بەهەشتدا تاکەکان پاڵ دەنێت بۆ لێبوردن و ئاشتبوونەوە، ئەمەش ئەو ناکۆکییانە چارەسەر دەکات، کە بە زۆری دەبێتە هۆی تۆڵەسەندنەوە.

خەلیفە، لە درێژەی کارنامەکەیدا، پێناسەی موسڵمانان دەکات و دەڵێت: " المسلم من سلم الناس من لسانه ويده إلا بالحق، لا يحل أذى المسلم إلا بِمَا يجب"(امام علی، 1408هـ، ص75؛

سيف بن عمر التميمي، 1993، ص95؛ الطبری، 1407هـــ، 701/2؛ ابن كثير، 1998، 254/7). واتـە: (موســـڵمـان ئەوکەسەیە، کە موسڵمانان لە زمان و دەستی پارێزراوبن. تەنیا بە حەق نەبێت ئازاردانی موسڵمان درووست نییە). پێمان وایە لێرە پێویست بوو خەلیفە ئاماژەی بەو ئایەت و فەرموودانەی، کە باس لەگەورەیی کوشتن و سزای بکوژ دەکەن بکردبایەوە، هەروەها دیدی دەسەڵاتی ئەگەر بەشێوەیەکی نا- ڕاستەوخۆش بوایە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو مافە شەرعیانە و تۆڵەسەندنەوە لـە بکوژ و ئـاژاوەگێران ڕوون کردبـایـەوە، ئـەوکـات زیـاتر دەتوانرا بـەســـەر بـارودۆخی نـاوخۆییدا زاڵبێت. هەروەها دەفەرمووێت: " بادروا أمر العامة، وخاصة أحدكم الموت، فان الناس امامكم، وان ما خلفكم الســـاعة تحدوكم تخففوا تلحقوا، فإنما ينتظر الناس أخراهم " (امام علی، 1408هـــــ، ص75؛ سيف بن عمر التميمي، 1993، ص95؛ الطبری، 1407هــ، 701/2؛ ابن كثير، 1998، 254/7)، واتە:(کەســانی پێش ئێوە ڕۆیشتوون ڕۆژی دوایی پێویستی بە چاکە و هەوڵ و تێکۆشان هەیە، بارتان سـوك بێت تا بەشـوێنی مەبەسـت بگەن، چونکە هەمووان چاوەڕوانی چارەنووسی خۆیان دەکەن).

ڕاســـتـە، ئەم بیرخســـتنەوەیە، کە ژیـان زوو تێپەڕ دەبێت، هەستەکانی تۆڵەسـەندنەوە کەم دەکاتەوە و یارمەتیان دەدات بە دڵێکی تەندروســـت بگەڕێنەوە لای خودا، چونکە لەم ڕۆژەدا هیچ شتێك سوودیان پێ ناگەیەنێ (يوم لاينفع مال ولا البنون الا من ات الله بقلب السليم) (سورة الشعراء، الاية، 88). بەڵام لەو بـارودۆخـەدا زیـاتر پێویســـتی دەکرد، جـەخـت لـەســـەر جێبەجێکردنی مافە شـــەرعییەکان لەســـەر تاوانبار بکاتەوە و ڕووی دەمی لەوان بێت.

هـەروەهـا ئـامـاژەی بـەوە دا، کە مرۆڤ تەنـانەت لە (بێ زمانەکانیش) بەرپرســـیارە " إنكم مســـئولون حَتَّى عن البقاع والبهائم " (امام علی، 1408هـــــ، ص75؛ ســـيف بن عمر التميمي، 1993، ص95؛ الطبری، 1407هـــــ، 701/2؛ ابن كثير، 1998، 254/7)، جەختی لەســـەر گرنگی میهرەبانی و گرنگیدان بە هەموو بوونەوەرەکان کردەوە. ئەم هۆشـــدارییە مەیلی بەزەیی و میهرەبانی زیاتر دەکات، کە پێچەوانەی مەیلی تۆڵەســـەندنەوەیە، فێر دەبن ڕێز لە ژیان بگرن و بە میهرەبانی و بەزەییەوە مامەڵە بکەن، ئەمەش وا دەکات تۆڵەســـەندنەوە لەگەڵ چەمکی بە زەیی نا تەبا بێت.

خـەلیفە لـە درێژەی وتـارەکـەیدا داوای کرد گوێڕایەڵی خودا بکەن، فەرمووی: " أطيعوا اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ وَلَا تعصـــوه، وإذا رأيتم الخير فخذوا بِهِ وإذا رأيتم الشـــر فدعوه" (امـام علی، 1408هــــ، ص75؛ سيف بن عمر التميمي، 1993، ص95؛ الطبری، 1407هـ، 701/2؛ ابن كثير، 1998، 254/7). واتە: (فەرمانی خوا جێبەجێ بکەن و نا فەرمانی مەکەن، چاکە تان دەســت کەوت باوەشــی بۆ بگرنەوە، شـەڕتان بینی خۆتانی لێ لابدەن) ڕێنماییکردنی مرۆڤەکان بۆ بڕیاردانیان لەسەر بنەمای چـاکە وایـان لێ دەکـات بەدوای شـــێوازی تر دا بگەڕێن بۆ چارەســەرکردنی ناکۆکییەکان لە بری ئەوەی خۆیان بخەنە ناو ســـوورێکی تۆڵەســـەندنەوە. وتارەکەی بەو ئایەتە ﴿وَاذْكُرُوا إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْـتَضْـعَفُونَ فِي الْأَرْضِ تَخَافُونَ أَن يَتَخَطَّفَكُمُ النَّاسُ فَآوَاكُمْ ...﴾ (ســـورة الانفال, الاية 26)، کۆتایی پێهێنا، بەڵام لە (نهج البلاغـة) دا ئـەو بـەشـــەی کۆتـایی وتـارەکـە نییـە و ســـەرچاوەکانی تر باســـییان کردووە(ســـيف بن عمر التميمي، 1993، ص95؛ الطبری، 1407هـــــ، 701/2؛ ابن كثير، 1998، 254/7) . (بیر لەو کاتە بکەنەوە، کە ئێوە لەم زەمینەدا کەمێکی بێدەســەڵات بوون، ترســتان هەبوو خەڵکی تر دەرتان بکەن و بێ جێ و ڕێ بمێننەوە...)(ابن كثير، 2014، 590/2)

بارودۆخی پێشــوویان بیر دەخاتەوە، کە لاواز و بێ دەســەڵات بوون، ئەمەش ئەو بیرۆکەیە بەهێزتر دەکات، کە یەکڕیزیی و دوورکەوتنەوە لە تۆڵەســـەندنەوە کۆمەڵگا بەهێز دەکات. ئەم بیرخستنەوەیە ئیلهامبەخشە بۆ ڕۆحی لێبوردەیی و هاودەنگی، هانی خەڵک دەدات، کە ســەرنجیان لەســەر یەکگرتوویی بێت نەک وروژاندنی ململانێ و تۆڵەســـەندنەوە. وتاری خـەلیفە (علی بن ابی طالب) لەســـەر ئەو بەهایانە بوو، کە برەو بە لێبوردەیی و دادپەروەری دەدەن، بە جەختکردنەوە لەســـەر گوێڕایەڵی خودا و دوورکەوتنەوە لە ململانێی کەسیی.

## 4. تەوەری دووەم: کاریگەریی کارنامەیی دەسڵاتی خەلیفەکان لەسەر دیاردەی تۆڵەسەندنەوە

لەتەوەریی یەکەم، شـیکاری کارنامەی خەلیفەکانی ڕاشـدیمان کرد، ئـەوەمـان ڕوون کردەوە، کـە کـارنـامـەکـانیـان چ کـاریگـەرییـەکی لـەســـەر ســـنووردار کردنی دیـاردەی تۆڵەســـەندنەوە دەبێت، بەڵام لەم تەوەرەیە دا، هەوڵ دەدەین بزانین خەلیفەکان تا چەند کارنامەکەیان لە ژیانی ڕۆژانەیان جێبەجێ کردووە بۆ سنووردارکردنی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە، هـەوڵ دراوە ئـەو کـاریگـەرییـە لـەلایـەنی کـارگێڕیی و فەرمانڕەوایی والییەکان و دادورەیی بخەینەڕوو لەبەرئەوەی ئەگەر دەسەڵاتداران دادپەروەر بوون، دادگا سەربەخۆ بێت و بـەرگری لـە مـافی بێهێزەکـان بکـەن، بـە شـــێوەیـەکی زۆر کاریگەریی لەسـەر سـنوردار کردنی دیاردەی تۆڵەسـەندنەوە دەبێت.

### 4. 1. سیستمی کارگێڕیی و فەرمانڕەوایی ویلایەتەکان:

ســەرەتا دەوڵەتی ئیسـلامی لەســەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) بریتی بوو لە شـــاری مەدینە، دواتر فراوان بوو تا زۆربەی نیمچە دوورگەی عەرەبی گرتەوە، ئەوەش پێویســـتی بەوە هەبوو بە شـــێوەیەکی کارگێڕیی ورد بەڕێوەببردرێ، بۆئەوەی هێمنی و ئاســـایشـــی تێدا بەرقرا بکرێت و ڕێگریی لە پشـــێویی و تۆڵەســـەندنەوە و خراپ بەکارهێنانی دەســـەڵات بگیرێ، لەبەرئەوە ئەگەر ســـەرنج بدەین دەبینین خەلیفەکان تاڕادەیەکی باش هەوڵیان داوە، کاربەدەســتی بەهێز و دادپەروەر لەســـەر نـاوچـەکـان دابمـەزرێنن، دروســـتکردنی کۆمـەڵگـەیـەکی سەقامگیر و پابەند بە شەریعەتی ئیسلامی، کە هۆکارێك بوو بۆ پاراســـتنی مافی هاوولاتییان و کەم کردنەوەی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە.

خـەلیفـەی یـەکـەم لـەســـەرەتـا دا هـەموو کـاربـەدەســـتـانی پێغەمبەر(ﷺ)ی لەسەر دەسەڵات هێشتەوە و هەوڵیدا کارەکانی ئەو تەواو بکات. وەکوو لەسەرەووتر باسمان کرد، خەلیفە (ابو بكر الصديق) لە خودی خۆی دەستی پێکرد، ڕایگەیاند، کە ئەو لەســەرووی ڕەخنەوە نییە، ڕێگەی بۆ هاوەڵان کردەوە، ئەگەر هەڵە بوو ڕاســـتی بکـەنـەوە (ابن هشـــام، 1995، 661/2؛ الطبری، 1407هــ، 238/2؛ ابن حبان، 1417هــ، 424/2). واتە: ئەویش مرۆڤە و شـــایەنی ئەوەیە هەڵەبکات، ئەو پیی وا بوو دەسەڵات هاوکێشەیەکی هاوسەنگە لە نێوان دەسەڵاتدار و گەل دا، هەر دوولا بـەر پرســـیارێتیی هەڵدەگرن (خـەلیل، 2019، ل71). ئـەم ڕۆحییـەتـە خۆی لـە خۆیدا کـاریگـەریی

لەسەر سنووردار كردنی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە هەبووە، گەڵ دەرفەتی ئەوەی پێ درا بوو كەسیی یەكەمی دەسەڵات ڕاست بكاتەوە، ئەمەش بۆ خەڵكانی تر، ئاســانتر دەبێت، لە بنەرەتدا، دەبێتە بەربەست لەبەردەم هۆكارەكانی تۆڵەسەندنەوە.

هەروەها نمونەی زیندومان هەیە لەم بوارەدا، ســەرەڕای پێگەی (خالد بن الوليد) وەک سـەركردەیەكی سـەربازی دیار، دوودڵ نەبوو لەوەی لێپرســینەوەی لەگەڵ بكات لە كەیســی كوشــتنی (مـالـك بن النويرة)، خـالیـدی بۆ مـاوەیەک لە سەركردایەتی لادا، دوای ئەوەی دڵنیا بوو ئیجتهادی كردووە و نا تێگەیشــتنێك هەبووە، گەڕاندییەوە بۆ ســەر كارەكەی(ابن حبان، 1417هـ، 434/2؛ الطبري، 1407هـ، 273/2).

لە دوای زاڵ بوون بەسەر بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەكان دا توانی بـارودۆخی خیلافـەت ســـەقـامگیر بكـات (الواقدي، 1990، ص100-105؛ الطبري، 1407هــــ، 250/2-260). توانی ناوەڕۆكی كارنامەكەی بەشــێوەیەكی باش جێبەجێ بكات و دەوڵەتێكی ســـەقـامگیر و بـەهێز دابمەزرێنێ، هەر وەكوو لەســـەرووتر ئاماژەمان بۆ كرد، (عمر بن الخطاب) دەڵێت: (ســاڵێك دادوەر بووم لەســەردەمی خەلیفە (ابو بكر الصــديق) دوو كەس نەبوون بۆ چارەسـەری كێشەكانیان ڕووم تێ بكەن، بۆیە داوام كرد لەو كارە بم بەخشێت) (الطبري، 1407هـــ، 351/2؛ المســـعودي، د.ت، ص254، ابن الجوزي، 1992، 70/4). ئەوە نیشــانەی ئەوەیە خەلیفە (ابو بكر الصــديق) زۆر گرنگی بـە دادپـەروەری داوە، چـاوپۆشـــی لـە تـاوانبـاران نـە كردووە، لەبەرئەوە كەم بوونی كێشــە واتە كەمبوونی دیاردەی تۆڵەســـەندنەوە، مانای وایە خەلیفە بە كردار كارنامەكەی جێبەجێ كردووە، چونكە لە وتەی دادوەرەكەی دەردەكەوێت، یەك ساڵ دوو كەسیی ناكۆك نەبوون سەردانی دادوەر بكەن بۆ یەكلایی كردنەوەی كێشەكانیان.

تەنانەت كاتێك (عمر بن الخطاب) دەسەڵاتی گرتە دەست، هاتە ســـەر میراتی دەوڵەتێكی بەهێز و كاریگەر، خەلیفەی دووەم زۆر توند و بەهێز تر كارنامەی دەسـەڵاتەكەی جێبەجێ كرد و چاودێرێكی توند بوو بەســـەر كاربەدەســـت و خەڵكانەوە، ئەم چاودێرییە دیاردەی تۆڵەسەندنەوە و هۆكارەكانیش بنبڕ دەكات، تەنانەت بەشــێك لەو والییانەی، كە زانیی بەهێز نیین، ناتوانن كارنامەی خەلیفە لە هەرێمەكان جێبەجێ بكەن و كاریگەرییان لەســـەر ســنووردار كردنی دیاردەی تۆڵەســـەندنەوە نییە، یان بەشـێوەیەكی ناڕەوا دەسـەڵات بۆ خزمەتی خۆیان بەكاردێنن، لەكارەكەی دووری خستنەوە و دەسەڵاتی لێ وەرگرتنەوە، لەم بوارەدا نموونەی زیندومان هەیە، وەكوو ئەوەی (ابو هريرة)ی لە فەرمانڕەوایی بەحرەین لابرد، بە هۆی زیاد بوونی ماڵ و سامانی (ابن سلام، د.ت، ص342؛ سبط ابن الجوزي، 2013، 414/5-415). چونكە ئەوە یەكێكە لەو كەناڵانەی، كە دەرگای فیتنە دەكاتەوە، هەروەها (خالد بن الوليد) یەكێك بوو لە بەهێز ترین فەرمانڕەواكان لە كارەكەی دووری خســـتەوە بەهۆی دابەشكردنی ماڵ و سامان بەبێ گەڕانەوە بۆ خەلیفە (النسائي، 1405هــــ، ص53؛ ابو النعيم، 1998، 213/1؛ الفاســـي، 1998، 305/6). هـەرچـەنـدە گۆڕینی والییـەكـان كـارێكی كارگێرییە، بەڵام بە هۆی لادان لە كارنامەی خەلیفە، لابراون، مەبەســـتی ئێمەش ئەوەیە بزانین، كە خەلیفە چەندە وتارەكەی جێبەجێ كردووە، لەبەرئەوەی ئەگەر فەرمانڕەوا چاكەكار و دادپەروەر نەبێت و خەریكی ژیانی خۆی بێت و پارێزگاری لە مافی ئەوانیتر نەكات، ڕێگا خۆش دەكات بۆ ئەوەی خەڵكی بۆ خۆیان مافی خۆیان وەربگرنەوە و تۆڵەی خۆیان بكەنەوە، لەم پێناوە دا ئەگەر زانیێتی كەسێكی باشتر و بە هێز تر هەیە و بۆ فەرمانڕەوایی گونجاو ترە، بێ دوو دڵی هێناویەتییە پێشـــەوە و كــار و بــەرپرســـیــاریــەتی داوەتێ؛ ئـەوەی تری لاداوە و هۆكارەكەشی بۆ خەڵكی ڕوون كردۆتەوە)(الطبري، 1407هـ، 490/2؛ ابن عســـاكر، 1995، 263/16؛ ابن الاثير، 1997، 380/2).

لەبـەرئـەوەی لە هـەوڵی ئـەوە دا بوو نـاوچـە و هـەرێمێكی بێ كێشە و گرفت بەڕێوەبچێت و خەڵكی لە دادپەروەری والییەكان بێ ئومێد نەبن. دادگاكان شـوێنی تۆڵەســـەندنەوەی كەســیی و خێڵەكیی بگرنەوە، بەتایبەتی ئەو ناوچە و هەرێمانەی تازە فەتح دەكران دابونەریتی خێڵایەتی و دەمارگیریی هۆزایەتیی بەشــێك بوو لە ژیانییان، لـەبـەرئـەوە پیویســتی بـەكـات و فـەرمـانڕەوای بـەهێز و دادپـەروەر هـەبوو، بۆئـەوەی بتوانێ كارنامەی دەوڵەت جێبەجێ بكات و هۆشـــیاری ئایینی بڵاو بكـاتـەوە، بۆئـەوەی تێیـان بگـەیـەنێ، كـە دەوڵـەت پـارێزەری مافەكانیان دەبێت و تۆڵەیان بۆ دەكاتەوە.تەنانەت ڕایگەیان: " أَيُّمَا عَامِلٍ لِي ظَلَمَ أَحَدًا فَبَلَغَتْنِي مَظْلَمَتُهُ فَلَمْ أُغَيِّرُ هَا فَأَنَا ظَلَمْتُهُ" (ابن ســـعد، 1990، 232/3؛ ابن الجوزي، 1992، 138/4). واتە: (هەر فەرمانڕەوایەك ستەم لە كەسێك بكات و ئێمە پێی بزانیین تۆڵـەی لـێ دەكـەیینـەوە، ئـەگـەر تۆڵـەمـان بۆ نـەكردەوە ئێمە ستەممان لەو كەسە كردووە).

خەلیفە لە ڕێگەی ئەم لێدوانەوە جەخت لەوە دەكاتەوە، كە مافی ســـتەملێكراو وەردەگرێتەوە، جا تاوانبارەكە فەرمانڕەواییەكی بەهێز یان تاكێكی ئاســـایی بێت. ئەمە هانی خەڵک دەدات، كە ڕاستەوخۆ نا ڕەزایەتیی و سكاڵاكانیان بگەیەننە خەلیفە. لەگەڵ ئەوەشـــدا، پەیامێكی بەهێز بوو بۆ والی و فەرمانڕەواكان، كە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەكرێت لە هەر نا- دادپەروەرییەک، كە ئەنجامی بدەن، ئەمەش وا دەكات بە باشـــی كارەكانییان ئەنجام بدەن و مافی خەڵكان بپارێزن. لەبەرئەوەی لە دادپەروەریدا هەمووان هەست بە ئاسودەیی دەكەن و دیاردەی تۆڵەسەندنەوە سنووردار دەبێت. هەر بەوەندەش نەوەستا، بەڵكوو ڕای گەیاند: "ئەگەر بژیم، بە ویستی خودا گەشـتێكی درێژ ئەنجام دەدەم بۆ هەرێمەكان، ســـاڵێک بە هەرێمەكاندا دەگەڕێم، دەزانم كە خەڵـک پێویســـتییـان بـەمن هەیە، فـەرمـانڕەواكـان، ڕەوانـەی لامنیان ناكەن و دەســـتیان بەمن ناگات، بۆیە دەچمە شـــام و جەزیرە و میسرو پاشان دەچمە بەحرەین و كوفە و بەسرە، لە هەریەكەیان دوو مانگ دەمێنمەوە" (الطبرى، 1407هــــــ، 565/2). ئەوەی شایەنی باسە لە ناكاوو بێ ئاگادار كردنەوەی فـەرمـانڕەواكـان ســـەردانی كردوون بۆئـەوەی بزانێ چۆن كـاروبـاری خـەڵكی بـەڕێوە دەبـەن، كـاتێك ســـەردانی (بیت المقدس)ی كرد (ابو عبيدة بن الجراح)ی بینی، بە هۆی پابەند بوونی بە كارنامەی خەلیفەوە، زۆر ستایشـی كرد (ابو الربيع الكلاعي، 1420هــــ، 306/2؛ ابن كثير، 1997، 690/16)" هەروەها كەسـێك هاتە لای خەلیفە و سـكالای كرد، هەندێك مووی لـە گیرفـانی دەرهێنـا و بـە ڕووخســـاری (عمر بن الخطاب)ی دادا و گوتی (ابو موسـى الاشـعرى) سـەری سفر كردوە و بیست قامچی لێداوە، خەلیفە بۆ (ابو موسى الاشعرى) نووســـی: (ئەگەر لە قەرەباڵغی وات لەم پیاوە كردووە، لە قەرەباڵغی لەبەردەستی دادەنیشی، تا تۆڵەی خۆی بكاتەوە "أما بعد: فإن فلاناً أخبرني بكذا وكذا، فإن كنت فعلت ذلك في ملاء من الناس، فعزمت عليك لما قعدت له في ملاء من الناس، حتى

يقتص منك" (ابن المبرد، 2000، 467/2). هەروەها (عیاض بن غنم)ی کردە والی شام، دوای ئەوەی سکاڵای زۆری لەسەر تۆمارکرا لە تۆڵەی ئەوەدا کردی بەشوان و کاری قورسی پێکرد بۆ ماوەی سێ مانگ بۆئەوەی تەمبێی بکات (ابن شبة، 1399هـ، 817/3- 818).

کاتێك (عثمان بن عفان) دەسەڵاتی گرتە دەست، هەیکەلی خیلافەتەکەی وەکوو خۆی هێشتەوە، هەمان والییەکانی سەردەمی خەلیفە (عمر بن الخطاب)ی لەسەر ناوچەکان هێشتەوە؛ ماوەی ساڵێك بێ دەنگ بوو، بەپێی بەرژەوەندی موسڵمانان و داواکاری خەلیفەی پێش خۆی (ابن الجوزی، 1992، 252/5؛ ابو الحجاج، 1980، 452/15). بە هەمان شێوەی خەلیفەکانی پێشتر، چاودێرییەکی وردی والییەکانی دەکرد، لە ڕێگای کۆڕ و کۆبوونەوەی ساڵانە لە وەرزی حەجدا؛ دانانی چاودێر لە ناوچە و هەرێمەکان و ڕاپۆرت و وەرگرتنی زانیاری لەوانەی لە هەرێمەکانەوە سەردانی پایتەختییان دەکرد (الطبري، 1407هـ، 648/2؛ ابن عساکر،1995، 220/12؛ عبدالستار الشیخ، 2014، ص202). نامەی بۆ ویلایەتەکان دە نووسی، داوای لێکردن چاکەکاربن و خۆیان لە خراپە دووربکەنەوە، وتی: "فإني مع الضعيف على القوي ما دام مظلوما إن شاء" (سيف بن عمر التميمي، 1993، ص77؛ الطبري، 1407هـ، 679/2). واتە: بە ویستی خوا پشتیوانی ستەم لێکراوان دەبین؛ دژی دەسەڵاتداران. واتە: کەس چاوپۆشی لێناکرێت تۆڵەی لێ دەکرێتەوە ئەگەر پێشێلی مافی خەڵکانی تر بکات، لە ئەگەریی وەرگرتنەوەی تۆڵە دا، تاوان کەم دەبێتەوە و دەبێتە هۆی سنووردار کردن و کەم بوونەوەی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە.

سەردەمی ئەم خەلیفەیە، دەوڵەتی ئیسلامی فراوان بوو، فەتحی زۆر ناوچە کرا (البلاذري، 1988، ص153- 154؛ الطبري، 1407هـ، 2/ 597- 600؛ ابن الوردی، 1996، 143/1). خەلیفەی پێشووتر ڕێگری دەکرد لەوەی سەرکردەکانی قوڕەیش بچنە دەرەوەی شاری مەدینە بۆ ویلایەتەکان ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەم و پێویست و دیاری کراو نەبێت و دەیگوت: "لە هەر شتێك زیاتر ترسم لە ڕۆیشتنی ئێوە هەیە بۆ ویلایەتەکان" کاتێك خەلیفە (عثمان بن عفان) خیلافەتی گرتە دەست ئازادی کردن بە ناو ویلایەتەکاندا بڵاو بوونەوە (الطبري، 1407هـ، 679/2)، ئەنجامی ئەو بڵاو بوونەوەیە چەندین پیاوی قوڕەیش بوو نە سەرمایە دار(المسعودی، 2005، 262/2-263). هەروەها بە شێك لە خزم و کەس و کاری خۆی کردە والی و فەرمانڕەوای شارەکان(ابن تیمیة، 1986، 451/7)، ئەم سیاسەتە کێشە و گرفتی زۆری بۆ درو ستکرد و خەڵکی لێی توڕە و یاخی بوون، تۆڵەسەندنەوە لە والییەکان بە شێوەیەکی فراوان پەرەی سەند(ابن سعد، 1990، 47/3؛ ابن عساکر، 1995، 251/39؛ السیوطی، 2004، ص124؛ البوطی، 2014، ل834). پێیان وا بوو هەموو ئەوانە لە ژێر سەری (مروان بن الحکم) دایە و بەبێ ئاگاداری خەلیفە دەیانکات (ابن سعد، 1990، 27/5: ابن عساکر، 1995، 258/57)، لەبەرئەوە داوایان لە خەلیفەکرد (مروان بن الحکم)یان تەسلیم بکات؛ کە نووسەر(کاتب)ی خەلیفە بوو، ڕەتی کردەوە لەترسی ئەوەی بیکوژن و تۆڵەی لێ بکەنەوە؛ ئەوانیش توڕەبوون و لەماڵەکەی گەمارۆیاندا ژمارەیەك کەس کۆبوونەوە پارێزگاریان لێدەکرد، خەلیفە ڕیگری لە شەڕکرد، ماڵ بە ماڵ شوێنی کەوتن تا کوشتیان(ابن حجر ، 1992، 458/4). هەروەها لە فتح الباری دا هاتووە: توندترین هۆکاری کوشتنی خەلیفە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی لە والییەکان ڕازی نەبوون؛ پاشان لەخەلیفە بەوەی ئەوانەی داناوە (ابن حجر، 1379هـ، 13/13).

خەلیفە کەسایەتییەکی نەرم و نیانی هەبوو، سیاسەتێکی جیاوازتری لە خەلیفەکانی پێشووتر پەیڕەو دەکرد، زیاتر هەوڵی دەدا بە دینداریی و خوا پەرستیی و لێبووردەیی و بایەخدان بە دوارۆژ؛ پەنابردنە بەر تۆڵەسەندنەوە سنووردار بکات، لەبەرئەوە، ئەو نەرموونیانییەی خەلیفە لەساڵەکانی کۆتایی فەرمانڕەواییەکەی ئیستسغلال کرا، ببوە هۆی ناکۆکی ناوخۆیی و کێشە و گرفتی زۆری لێ کەوتەوە. تەنانەت کاتێك گەمارۆی ماڵەکەی دەدرێت ڕێگری دەکات لەوەی پارێزگاری لێ بکەن و شەڕیان لەگەڵ بکەن. لە کاتێکدا بەشی زۆری هاوەڵان ئامادەبوون بۆ شەڕکردن و دوورخستنەوەی ئاژاوە گێڕان(الطبري، 1407هـ، 674/2؛ ابن الجوزي، 1992، 54/5؛ ابن الاثیر،1997، 541/2)، بەڵام خەلیفە ڕێگەی نەداو گوتی: " ئەگەر یەك نەفس بکوژرێت وەکوو ئەوە وایە هەموو دنیا کوژرا بێت"(ابن منصور، 1982، 368/2؛ الکاندهلوي، 1999، 118/3). هەرچەند هاوەڵان سوور بوون لەسەر بەرگری کردن، ئەو پێی فەرموون: "هەرکەس پێویستە لەسەری گوێڕایەڵیم بکات با شەڕ نەکات"(خلیفة بن خیاط، 1397هـ، ص173). دواجار کوشتییان (ابن تیمیه، 1995، 158/14). ئەوەی شایەنی باسە خەلیفە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارە بکرێن و خوێن لە شاری پێغەمبەر نەرژێت و موسڵمانان دەستییان نەچێتە خوێنی یەکتر، بێگومان ئەگەر خوێن رژا دیاردەی تۆڵەسەندنەوەی کەسیی و خێڵەکیی دێتە ئاراوە و دەمارگیریی هۆزایەتیی شوێنیی دادگاکان ئەگرێتەوە.

ئەوەی شایەنی باسە، خەلیفەی چوارەم لە بارودۆخێکی تایبەت خیلافەتی گرتە دەست، ئاژاوەی ناوخۆیی سەری هەڵدا، خەلیفەی پێش خۆی کوژراوە، لەبەرئەوەی پیویست بوو وتارەکەی جیاوازتر بوایە، لە هەڵبژاردنی وشەکان وردتر بوایە، تەنیا بەیەك وشە باسی لە کوژران و تۆلەسەندنەوەی خوینی خەلیفەی پێش خۆی نەکرد، لە کاتێکدا پێویست بوو جەخت لەسەر ئەو پێشهاتە بکاتەوە، کە دووچاری موسڵمانان بووە و چارەسەری دەسەڵاتی نوێی بۆ ئەم دۆخە بخستبوایە ڕوو، پێویست بوو وەکوو خەلیفە (ابو بکر الصدیق) ڕووبەڕووی بارودۆخی سەردەمەکەی بووبایەوە و ڕێگای بە پەرتەوازەیی موسڵمانان نەدابوایە، گرنگ بوو وەکوو خەلیفە خاوەندارییەتی خوێنی خەلیفەی کوژراوی کردبایە، دەرفەتی ئەوەی نەدا با خەڵکانی تر ئەو پرسە بقۆزنەوە و خاوەنداریەتی بکەن. ئەمە بووە هۆی ئەوەی والی ویڵایەتیی شام (معاوية بن ابی سفیان) (سيف بن عمر التميمي، 1993، ص 101-102؛ الطبري، 1407هـ، 4/3؛ مسکویة، 2000، 465/1-466) و چەند کەسایەتییەکی تر نێنە ژێر رکێفی خیلافەتەکەی و تۆڵەسەندنەوەی خوێنی خەلیفەیان کردە پێش مەرجی بەیعەتدان(الیعقوبی، 1358هـ، 156/2؛ العصامي، 1998، 558/2؛ عبد الرزاق، 1403هـ، 452/5). خەلیفە داوای دەکرد مۆڵەتی پێ بدەن تا بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە ئینجا تۆڵە لە بکوژانی خەلیفە (عثمان) دەکاتەوە (سيف بن عمر التميمي، 1993، ص97؛ الطبری، 1407هـ، 702/2؛ ابن الجوزي، 1992، 70/5). بەڵام گرنگ بوو ئەوە بەشێك بوایە لە

وتارەکەی پێش ئەوەی کار بەوە بگات، (معاويە بن ابى سفيان) و ئەوانی تر لێی یاخیبن. هەر لەم بارودۆخەدا دەستی کرد بە گۆڕینی والییەکانی خەلیفە (عثمان بن عفان) بەمەش بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد(الطبری/ 1407هـ، 703/2-704).

ئەوەی شایەنی باسە، سەردەمی خەلیفە (عثمان) هۆکار بوو بۆ نا- سەقامگیریی سەردەمی خەلیفەی چوارەم (علی بن ابى طالب)، لەبەرئەوەی ئەو هاتە سەر میراتی دەوڵەتێکی پڕکێشە و ململانێ، تەنانەت کاتێك بەیعەتی خیلافەتی پێدرا، (الغافقي بن حرب العكى)[1] سەرپەرشتی کاروباری مەدینەی دەکرد، کە خۆی یەکێك بوو لەوانەی دەستی هەبوو لە کوشتنی خەلیفە (عثمان بن عفان) (ابن كثير، 1988، 210/7). واتە: یەکێك بوو لەوانەی دەبوو تۆڵەی لێ بکرێتەوە.

خاڵێکی تر پێویست بوو خەلیفە دان بەخۆی دابگرێت، لەسەر گۆڕینی فەرمانڕەواکان، چونکە لەو بارودۆخەدا، (معاوية بن ابى سفيان) ئامادە نەبوو بەیعەتی پێ بدات (سيف بن عمر التميمي، 1993، ص100؛ الطبري، 1407هـ، 3/3؛ ابن حبان، 1973، 273/2-274)، کە خاوەنی پێگەیەکی جەماوەری گەورە بوو لە وڵاتی شام، پرسی تۆڵەسەندنەوەی خەلیفە (عثمان)ی کردە بیانوو(سيف بن عمر التميمي، 1993، ص 101-102؛ الطبري، 1407هـ، 4/3؛ مسكوية، 2000، 465/1-466)، بانگەشەی تۆڵەسەندنەوە لە خوێنی خەلیفە (عثمان بن عفان) لە لایەن (معاوية بن ابى سفيان) ڕەهەندێکی دەمارگیریی خێڵایەتیی و کۆمەڵایەتیی وەرگرت، بەڵام ئەمە بەشێک بوو لە پرۆژەیەکی سیاسی فراوانتر، کە ئامانج لێی چەسپاندنی پێگەی ئومەوییەکان بوو. تۆڵەسەندنەوە تەنیا هەستێکی خێڵەکیی نەبوو، بەڵکوو ئامرازێکی سیاسی بوو لە چوارچێوەیەکی گەورەتری ململانێی خێڵەکیدا بەکار دەهێنرا. (معاوية بن ابى سفيان) ڕەنگێکی ئایینی بە تۆڵەسەندنەوەی خوێنی خەلیفە دا، وەک خەلیفەیەکی چەوساوە وێنای کرد، کە بە ناڕەوا کوژرا، داوای تۆڵەسەندنەوەی لە بکوژەکانی دەکرد، ئەمەش ڕەهەندێکی جەماوەری و سیاسی بۆ هەڵوێستەکەی زیاد کرد. لەلایەکی دیکەوە خەلیفە ڕەتیکردەوە تۆڵەی دەستبەجێ بکرێتەوە و بانگەشەی ئەوەی کرد، کە بارودۆخەکە ناسەقامگیرە و بە تۆڵەسەندنەوەی خێرا ناتوانرێت دادپەروەری بەدەست بهێنرێت، ئەمەش ناکۆکی نێوانیان قووڵتر کردەوە، بەم شێوەیە پرسی تۆڵەسەندنەوە لە خواستێکی خێڵەکییەوە گۆڕا بۆ کەرەستەیەکی سیاسیی، کە موسڵمانانی دابەشکرد و شەڕی (صفين) لە نێوانییان دا روویدا، قوربانی زۆری لێ کەوتەوە.

لە لایەکی ترەوە هەریەکە لە (عائشة (ر.خ) و طلحه و الزبير) بە هەمان شێوە داوای تۆڵەسەندنەوەی خوێنی خەلیفە (عثمان بن عفان)یان دەکرد (سيف بن عمر التميمي، 1993، ص118؛ ابن كثير، 1988، 255/7-256)، نەهاتنە ژێر دەسەڵاتی خەلیفە و لە شەڕی (جمل) ڕووبەڕووی خەلیفە بوونەوە(الطبري، 1407هـ، 156/3-161؛ مسكوية، 2000، 566/1-568). ڕۆڵی (عائشة (ر.خ) و طلحه و الزبير) لە دۆسیەی تۆڵەسەندنەوە لە خوێنی خەلیفە جیاواز بوو لە ڕۆڵی معاوية، بەو پێیەی هەڵوێستەکانیان سەرەتا لەسەر داواکاری تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی خەلیفە بۆ گەیشتن بە دادپەروەری بوو، بەبێ ئەوەی لە دەمارگیریی خێڵەکییەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵکوو لە پاڵنەرێکی کەسیی و ئایینییەوە سەرچاوەی گرتبوو. کوشتنی خەلیفەیان بە نا- دادپەروەری دەزانی، کە پێویستی بە تۆڵەسەندنەوە هەیە بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ شەرعییەتی ئیسلامی. بە تایبەت کە کوشتنی خەلیفە بووە هۆی ناسەقامگیریی کۆمەڵگای ئیسلامی. بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکان، داواکارییەکانیان وەرچەرخانێکی سیاسیی وەرگرت، چونکە لەگەڵ خەلیفە (علی بن ابى طالب) تێکهەڵچوون پەنایان بردە بەر بەصرە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی خەلیفە، ئەمەش بووە هۆی شەڕی (جمل). ئەم داواکارییە بۆ تۆڵەسەندنەوە، هەرچەندە بە پاڵنەری شەرعی و ئایینی دەستی پێکرد، بەڵام لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گێژاوەی، کە کۆمەڵگا لە دوای کوشتنی خەلیفە بە خۆیەوە بینی، گەشەی کرد و بوو بە ململانێیەکی سیاسیی لەسەر بەڕێوەبردنی خیلافەت و دیاریکردنی ئەولەویەتەکانی حوکمڕانی. بەم شێوەیە تۆڵەسەندنەوە لەم حاڵەتەدا بوو بە ئامرازی فشاری سیاسی نەک داواکارییەکی شەخسی یان خێڵەکیی.

ئەوەی شایەنی باسە لەسەردەمی خەلیفەی چوارەم جۆرێکی نوێ لە تۆڵەسەندنەوە لەسەر ئاستی فکری سەری هەڵدا، گروپیك خەڵکی تر دەرچوون بەناوی خەواریج (الطبری، 1407هـ، 114/3)، پێیان وابوو خەلیفە (علی بن ابى طالب) و (معاويە بن ابى سفيان) کافربوون و لە دین دەرچوون و پێویستە شەڕیان لەگەڵدا بکرێت(الحسينى، 2005، ص56)، عبدالله بن وهب الراسبى یان بەسەرکردەی خۆیان هەڵبژارد(الشهرستاني، 1404، 114/1)، خەلیفە (علی بن ابى طالب)؛ (عبد الله بن العباس)ی نارد بۆئەوەی بیان گێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و پێیان بسەلمێنێ؛ کە ئەوان هەڵەن، سێ ڕۆژ لە ناویاندا مایەوە، گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن، توانی قەناعەت بە بەشێکییان بکات و بیان گێڕێتەوە ڕێزی سوپای خەلیفە(المقدسي، د.ت، 136/5-138؛ ابن الجوزى، 1992، 124/5-126).بەڵام بەشێکییان سوربوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان لە نەهرەوان کۆبوونەوە، سوپایەکی چەکداریان دروست کرد دەستیان کرد بە زوڵم ڕێگری کردن لە موسڵمانان و ڕشتنی خوێنی خەڵکی بە ناڕەوا، عبد الله بن خباب(2) و خێزانەکەی و چەند ئافرەتێکی تریان بەخراپترین شێووە کوشت(ابن قتيبة، 1997، 119/1؛ ابن الاثير، 1997، 691/2-692)، ئەو کردەوەیان ئازاری زۆری خەلیفەیدا، بۆیە نوێنەری نارد داوای کرد ئەوکەسانەیان تەسلیم بکەن، کە ئەو تاوانەیان ئەنجامدا، ئەوان ئەو نێردراوەشیان کوشت، کە خەلیفە ناردبوی بۆلایان، گوتییان: "هەمووومان بەشدارین لە کوشتنییان و هەر پێکەوەش خوێنی ئێوەمان حەڵاڵ کردوە"(ابن الاثير، 1997، 692/2).

ئەوەش خەلیفەی ناچارکرد بەڕێ بکەوێت بۆ تەمێ کردنیان و تۆڵەسەندنەوە وجێبەجێکردنی حەدی شەرعی بەسەریاندا، کاتێك گەیشتە نەهرەوان ماوەیەکی درێژ کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیان، لێبوردنی دەرکرد بۆ ئەوانەی لە مەیدانی جەنگ دەکشێنەوە، بەو مەرجەی دەستی لە کوشتنی کەسدا نەبوو بێت، بەمەش بە شێکی زۆر مەیدانی جەنگیان بەجێهێشت، 1800 کەس لە مەیدانی جەنگ دامانەوە پاشان شەڕ دەستی پێکرد، خەواریجەکان شکان، بەشی زۆری سەرکردەکانیان کوژران(ابن الاثير، 1997، 695/2).

ئەو ڕووداوەش یەکێك بوولەو هۆکارانەی، کە خەلیفە نەك هەر نەتوانێ کارنامەکەی جێبەجێ بکات، بەڵکوو خۆشی بووە

قوربانی و تیرۆر کرا (الطبري، 1407هـــــ، 3/156-161؛ مسكوية، 2000، 1/566-568).

**4. 2. سیستمی دادوەریی:**

یەکێکی تر لەو ڕێگایانەی خەلیفەکان هەوڵیاندا کارنامەی دەسەڵاتەکەیان تێدا جێبەجێ بکەن و هەم لە ڕێگەیەوە دیاردەی تۆڵەســـەندنەوە ســـنووردار بکەن، بریتی بوو لە بایەخدان بـەدادگـاکـان و بڵاو کردنـەوەی دادپـەروەریی، خـەلیفـەکـانی ڕاشـــدین زۆرجار خۆیان کاری دادوەریان ئەنجام دەدا، یان کاروباری دادوەریان دەدا بە کەسـیی شـارەزا، کاتێك (ابو بكر الصـــدیق) بوو بە خەلیفە کاروباری دادوەری دایە (عمر بن الخطاب)، لەبەر چاپۆشـی نەکردن لە تاوانبار و جێبەجێکردنی ســزاکان ماوەی ســاڵێك دوو کەســی ناکۆك ســەردانی دادگاییەکەیان نەکرد (الطبري، 1407هـ، 2/351؛ المسعودي، د.ت، ص254؛ ابن الجوزي، 1992، 4/70)، خەلیفە (ابو بكر الصـــدیق) زۆر توند بوو لـەســـەر جێبەجێ کردنی ســزا شەرعییەکان، هەر وەکوو لە وتارەکەی ڕایگەیاند چاوپۆشی لە هیچ کـەســێك نـاکـات، عـائشـــة ئـەڵێـت: لـە دوای مردنی پێغەمبەر(ﷺ) فاطمة ناردیە لای خەلیفە (ابو بكر الصـــدیق) داوای بەشە میراتی باوکی کرد، لە فەدەك و پێنج یەکی خەیبەر (البخاري، 1987، 4/1549؛ مســلم، د.ت، 3/1380). بەڵام داواکاریەکەی ڕەتکردەوە، بە پشــت بەســتن بە فەرمودەی: "ئێمـەی پێغـەمبـەران میراتمـان لێ نـاگیرێ، ئـەوەی لـەپـاش خۆمان بەجێی دێڵین خێر و ســـەدەقەیە" (البخاري، 1987، 4/1549؛ مســلم، د.ت، 3/1380؛ الترمذي، 1998، 3/210؛ البزاز، 1409هـــ، 3/190). بەو هۆیەوە فاطمة لە خەلیفە (ابو بكر الصـــدیق) توڕە بوو، قســـەی لەگەڵ نەکرد (البخاري، 1987، 4/1549؛ مســلم، د.ت، 3/1380). بـەڵام ئـەو لـە جێبـەجێکردنی شـــەرعـدا گوێی بـەوە نـە دە دا، بـا کچی پێغەمبەر(ﷺ) یش بێت، لەبەر ئەوە جێبەجێکردنی ســنوورە شـــەرعییـەکان و مـاف بـەخشـــین بـە خـاوەن مـاف لـە کچی پێغەمبەر(ﷺ) گەورەترە، نهێنی ســـەرکەوتنی لە کاروباری دەوڵەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە. کاتێك یاســـا وەکوو خۆی بە دادپەروەریی لەســـەر هەمووان جێبەجێ دەکرێت و دەوڵەت پارێزەری مافی هەمووان دەبێت، دیاردەی تۆڵەســـەندنەوە نامێنێت یان ســـنووردار دەبێت. جیاوازی نەکردن هەســـتی تۆڵەسەندنەوە سنووردار دەکات.

لەگەڵ ئەوەشـدا بە بێ گوێدانە بە هێز و بێهێزیان ڕووبەڕووی هـەڵگـەڕاوەکـان بوەوە، بـە هۆی تێکدانی بـارودۆخی دەوڵـەتی ئیسلامی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی. بڕوانە(الواقدی، الردة). هەروەها (الفجاءة إیاس بن عبد یالیل) هاتە لای خەلیفە (ابو بکر) و داوای لێکرد چەکداری بکات بۆ شـــەڕکردن لەگەڵ هـەڵگـەڕاوەکـان، خـەلیفـە چـەکی پێدا، بـەڵام ســـەرپێچی فەرمانەکەی کرد و دژی موســـڵمانان وەســـتایەوە ژمارەیەکی زۆری لە هۆزەکانی بنی (سلیم و عامر و هوازن) کوشت، ئەم هەواڵە گەیشـــتە خەلیفە (ابو بکر)، هێزێکی نارد بەرەو لای (الفجاءة) و ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لە کۆتاییدا، (الفجاءة) دەستگیر کرا، نێردرا بۆلای خەلیفە لە تۆڵەی خیانەت کردن و کوشـــتنی موســـڵمانان فەرمانی کرد بســـوتێنرێت (الطبری، 1407هـ، 2/266؛ مسکویه، 2000، 1/284).

تەنانەت لە دابەشـکردنی سـامان دا جیاوازی نە کرد لە نێوان خەڵکیدا؛ ئازاد و کۆیلە، نێر و مێ، گەورە و بچووک، ئەوانەی زوو موسـڵمان بوون ئەوانەی درەنگ موسـڵمان بوون. کاتێک خەڵک داوایان لێکرد، کە پێشـــەنگی بدات بە بەشـــداربووانی جەنگی بەدر، پێی گوتن: پلە و پایەی ئەوان لای خوایە، بەڵام لە دابەشـــکردنی مـاڵدا، یەکســـانی بـاشـــترە لە هەڵاواردن (الماوردي، 1999، 8/448). دابەشکردنی سامان بە یەکسانی کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر سنوردارکردنی دیاردەی تۆڵەســـەندنەوە، لەبەرئەوەی کاتێک ســـامان بەشـــێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش کرا، هەستی بێبەشبوون و زوڵملێکراوی کەم دەبێتەوە، کە هۆکاری سەرەکی تۆڵەسەندنەوەیە، هەروەها یـارمەتیـدەر بوو بۆ بەهێزکردنی هەســـتی یەکگرتوویی و برایەتی لە کۆمەڵگادا، لەهەمان کاتدا ســیســـتەمێکی بەهێزی دادوەری دامەزراند، کە مافی هەمووانی دەپاراسـت و وایکرد خەڵکی کێشـەکانیان بەڕێگای یاسـایی چارەسـەر بکەن نەک بە تۆڵەســـەندنەوە، ئەمەش لە کۆتاییدا بووە هۆی کەمبوونەوەی هەژاری و چینـایەتی، کە خۆی فـاکتەرێکی کـاریگەری پەرەسەندنی دیاردەی تۆڵەسەندنەوەیە.

خەلیفەکانی ڕاشدین لە خەڵکانی تر زیاتر ملکەچی فەرمانەکانی دادگا بوون، هەر ئەمەش تۆڵەســـەندنەوەی کەســـی و خێڵەکی ســـنووردار کرد، خەلیفە (عمر بن الخطاب) لەگەڵ (ابی بن كعب)3 لەســـەر خاوەندارێتی باخێك کێشـــەی هەبوو، بەهێز کێشـەکەی یەکلایی نەکردەوە، وەکوو کەسـێکی ئاسـایی دەچێتە لای دادوەر (زيد بن ثابت)4 بۆ ئەوەی دادوەری لە نێوانیاندا بکات، دادوەر لەبەر پێگەی ڕێزی زیاتری لە خەلیفە گرت، لەبەرئەوە خەلیفە (عمر) توڕە بوو، وتی: سوێند بەخوا بە پلەی دادوەری ناگەی تا (عمر) و هەر کەسێکی ترت بەلاوە یەکسان نـەبێـت (وکیـع، 1947، 1/108-109؛ العمـري، 2009، ل142). لەبەرئەوەی خەلیفە دەیزانی ئەگەر دادوەر دادپەروەر نەبێت، ئەو کەســـەی نا- دادپەروەری بەرامبەر دەکرێت لە دەرەوەی دادگاکان تۆڵەی خۆی دەکاتەوە و بەمەش دیاردەی تۆڵەسـەندنەوە دەبێتەوە کلتوور. جارێکی تر مامەڵەی ئەسـپێکی کرد بیکرێت، کاتێك ئەسـپەکە تاقی دەکاتەوە زیانی پێ دەگات، لەبەرئەوە دەیداتەوە خاوەنەکەی، بەڵام کابرا لێی وەرناگرێتەوە و پەنا دەباتە بەر دادگا، دادوەر فەرمان بە خەلیفە دەکات یان ئەســـپەکە هەڵبگرێت یان چۆنی بردوە بەو شـــێوەیە بۆی بگێڕێتەوە، خەلیفە فەرمووی: دادوەری ئاوا دەبێت، لەبەرئەوە کردیە دادوەری کوفە (وکیع، 1947، 1/108-109؛ العمري، 2009، ل142). کاتێك کەسی یەکەم وەکوو کەسێکی ئاسـاییی چاوەڕوانی بڕیاری دادگا دەکات و خۆی لە ســـەرووی دادگا نازانێت، ملکەچی فەرمانەکانی دادوەر دەبێت، دادوەریش بەبێ ڕەچاوکردنی پلە و پێگەیی سیاسیی و کۆمەڵایەتییان دادوەریی دەکات، هەمووان پەنا دەبەنە بەر دادگا و تۆڵەســـەندنەوەی کەســـی نامێنێت و کۆمەڵگا ســـەقامیگر دەبێت و ناکۆکی هۆزایەتی کاڵ دەبێتەوە.

هـەروەهـا ئیمـامی شـــافعی بـاس لـە نموونـەیـەکی دیـاردەی تۆڵەسـەندنەوە دەکات لەسـەردەمی خەلیفە (عمر بن الخطاب)، بـەڵام بـەبێ ئـەوەی نـاوی بکوژ و کوژرا و بهێنێ، کـاتێـك موسڵمانێك کەسێکی ئەهلی زممەی کوشت، بە بڕیاری خەلیفە تۆڵە لە موســـڵمانەکە کرایەوە و کوژرایەوە " أَنَّهُ أَمَرَ أَنْ يُقْتَلَ رَجُلٌ مِنْ الْمُسْـلِمِينَ بِقَتْلِ رَجُلٍ نَصْـرَانِيٍّ" (الشـافعي، 1990، 7/338). جیاوازی نەکردن و چاوپۆشـــیی نەکردن لە تاوانبار ئۆتۆماتیکیی دیاردەی تۆڵەســـەندنەوە ناهێڵێت، کەســـێکی تر بوێری ئـەوە نـاکـات مـافی بێهێز ولاوازەکـان پێشـــێـل بکـات.

هەروەها حەفت کەس لە خەڵکی (صـــنعاء) بەشــــداریان لە کوشـــتنی پیاوێك کرد خـەلیفـە بریـاریـدا هـەر هـەموویـان بکوژرێنەوە (ابن بشکوال، 1407هـــ، 495/1). خودی خۆی لێکۆڵینەوەی لەو ســـکاڵایانە دەکرد، کە خەڵکی دژی والییەکان تۆمـاریـان دەکرد. لێکۆڵینـەوەی لـەگـەڵ (عمرو بن العـاص) و کوڕەکەی کرد، لەسـەر سکاڵای پیاوێکی مصـری (قبطي)؛ کە لە پێشبڕکێی ئەسپسواری پێشی کەوتووە و کەچی ئەو لێی داوە و بەناوی باوکی ســوکایەتی پێ کردووە، خەلیفە نامەی بۆ (عمرو بن العـاص) نـارد و داوای لێکرد هـەرکـە نـامـەکـەی پێگەیشـــت لەگەڵ کوڕەکەی بگاتە لای، کە گەیشـــتن، خەلیفە دارەکەی دایە دەستی ستەملێکراو و گوتی: (دارکاری خۆیی و باوکی بکە و تۆڵەی خۆت بکەوە)، پاشـان ڕوو دەکاتە (عمرو) دەڵێت: (تاکەی خەڵکی دەکەنە کۆیلە، لەکاتێکدا بە ئازادی لە دایـك بوون)(ابن عبـد الحکم، 1966، ص183؛ ابن المبرد، 2000، 473/2؛ عبد اللطیف، 1428هـــــ، ص410). زۆر وریای بێ دەســـەڵاتەکان بوو، بۆئەوەی لە دەســـەڵاتەکەی بێ هیوا نەبن و نامەی نارد بۆ (ابو موســى الاشـعری) و دەڵێت: "ولا يأيس وضــــيع وربما قال ضـــعيف من عدلك" (وکیع، 1947، 71/1). (ئامان، لاوازەکان لە دادپەروەریت بێ هیوا نـەبن). کـاتێك پیـاوێکی بێدەســـەڵات بتوانێ تۆڵـەی خۆی وەربگرێتەوە، ڕێگای پێبدرێت دارکاری والییەکی گەورەی ناوچەیەکی وەکوو مصـــر بکات، کێ هەیە لەم بارودۆخە پەنا بۆ تۆڵەســـەندنەوەی کەســـیی ببات؟ لەبەرئەوە خەلیفەی دووەم بەزیادەوە کارنامەی خۆی جێبەجێ کرد، کە لە یەکەم وتاریدا پێشکەشی هاووڵاتیانی کرد.

بەهەمان شـێوە خەلیفەی سـێیەم هەوڵیدا چارەســەری دیاردەی تۆڵەســـەندنەوە بکات و برەو بە لێبوردەیی بدات و کێشــەکان لە دادگـا چـارەســـــەر بکرێن. دوای کوژرانی خـەلیفـە (عمر بن الخطاب) بە دەستی (ابو لؤلؤ فيروز المجوسی)، دوای ئەوەی چەند موســڵمانێکی تری بە خەنجەرەکەی بریندار کرد و خۆی کوشــــت (النووی، د.ت، 13/2)، لـەبـەرئـەوەی بکوژ خۆی کوشـت، دەوڵەت ئەو کەیســەی داخسـت، چونکە لە ئیسـلامدا کـەس لە شـــوێنی کـەس نـاکوژرێتـەوە و کـەس تـاوانی کـەس هەڵناگرێت (ســورة الفاطر: الاية 18)، بەڵام لەســـەر ئاســتی کەسی (عبيد الله بن عمر) هەستا بە کوشتنی سێ کەسایەتی لە بنەماڵەی (ابو لؤلؤ) لە تۆڵەی کوشــــتنی باوکی، کاتێك (عثمان بن عفان) بوو بە خەلیفە یەکەم کێشــــە و گرفت ڕوو بەڕووی بویەوە پرس و کێشـــەی کوشــتنەوەی (عبيد الله بن عمر) بوو (ابن کثیر، 1988، 167/7). هەریەك لە (الطبری و الذهبی) باســـی ئەوە دەکەن کاتێك (عثمان بن عفان) خیلافەتی گرتە دەسـت (عبيد الله بن عمر)ی تەسـلیمی کوڕی (الهرمزان) کرد و پێی گوت ئـەوە بکوژی بـاوکتـە بڕۆ بیکوژە و تۆڵـەی لێ بکەوە؛ بەڵام ئەو لێی خۆشـــبوو، ئازادیی کرد (1407هـــــ، 590/2؛ 1993، 297/3-298). هـەر لـە (تـاریخ الرســـل والملوك) دا هـاتووە، دوای پرس و ڕاوێژێکی زۆر لـە نێوان هاوەڵاندا بڕیار درا خوینبایی(دیه) بە بنەماڵەی کوژراو بدرێت (الطبری، 1407هـ، 586/2-587). واتە کێشەی هەردوولای بـە شـــێوەیـەکی ئـاشـــتییـانـە چارەســـەر کرد، بـەبێ ئـەوەی تۆڵەســـەندنەوە درێژەی پێ بدرێت. هەرچەندە لەو بوارە دا بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام ئەوە یەکێکە لەو نموونانەی بە مەبەستی سنووردار کردنی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە جێبە جێ کراوە، لە سەردەمی خەلیفەی سێیەمدا.

هەروەها لەسەرووتر باسمان کرد، کاتێك (علی بن ابی طالب) خیلافـەتی وەرگرت، ئـاژاوە هـەمـوو لایـەکی گرتبوەوە، لـە تەوەریی یەکەم شـــیکاریی کارنامەی خەلیفە مان کرد، بە هیچ شـــێوەیەك باســـی تۆڵەســـەندنەوە و دادگایی کردنی بکوژانی خـەلیفـە (عثمـان بن عفـان) نـەکردوە، بوە هۆی ئـەوەی چـەنـد کەســـێکی تر ئەو داوایە بکەن و خاوەندارییەتی خوێنی خەلیفە بکـەن (ســـيف بن عمر التميمي، 1993، ص 101-102؛ الطبري، 1407هــــ، 4/3؛ مسکوية، 2000، 465/1-466) . تەنانەت کاتێك خیلافەتی وەرگرت هەوڵی تۆڵەســـەندنەوە وکوشتنی (عبيد الله بن عمر)ی دا؛ لەبەرئەوەی سێ کەسی لە بنەماڵەی (الهرمزان) لە تۆڵەی باوکی کوشـــتەوە (الطبری، 1407هـ، 586/2-587). بەڵام ئەو هەڵات و پەنای بردە لای (معاوية) لە وڵاتی شام (ابن قتيبية، 1992، ص187، المقدسی، د.ت، 92/5)، لەکاتێکدا پێویســـتر بوو خەلیفە جەخت لەســـەر تۆڵەی خوێنی خەلیفە (عثمان بن عفان) بکاتەوە، نەك بەرەی نەیارەکانی زیاتر بکات! لەبەرئەوەی کوشـــتنی (عبيد الله) بە شـێوەیەکی جیاواز تەفسـیری بۆ دەکرێت، کە ڕەنگە پەیوەندی بە هەڵوێسـتی باوکی هەبێت لە سـقيفة، بۆیە پێویسـت بوو پەلە نەکات لە تۆڵەسەندنەوە لە (عبيد الله)، هەروەکوو دەیگوت نابێ لە شـــاری مەدینە خودی خۆی دادوەری دەکرد، وکیع دەڵێت: نـەزانراوە خـەلیفـە (عثمـان بن عفان) تـا ئـەو ڕۆژەی کوژرا دادوەری لەســـەر مەدینە دامەزراندبێ، بەڵکوو بەخۆی بە هاوکاریی هاوەڵان دادوەری دەکرد، خەلیفە (عثمان بن عفان) لـە داوەری کردنـدا ڕێبـازێکی ڕاوێژکـاری پەیڕەو دەکرد. کـاتێـک دوو نـاکۆک دەهاتنە لای، داوای دەکرد هـەریـەکە لە (علی بن ابی طـالـب، طلحـة بْن عبيـد الله، والزبير بن عوام، وعَبْد الرحمن بن عوف)، وەکوو شـــــایـەتحـاڵ و ڕاوێژکـار ئامادەبن، دوای ئەوەی گوێی لە ناکۆکەکان دەگرت، ڕووی لە ڕاوێژکارەکان دەکرد و داوای ڕای ئەوانی دەکرد و بڕیارێکی دادپەروەرانەی دەدا، هەر دووڵا بە ئاشتیانە دانیشـتنەکەیان بە جێ دەهێشـت (وکیع، 1947، 110/1). واتە ناکۆکیی و رق و کینەی لە هەمان دانیشـــتن کۆتاییی پێ دەهێنا، بۆ ئەوەی لە دەرەوە پەنا نەبەنەوە بەر تۆڵەســــەندنەوە و زیندوو کردنەوەی کێشەکان.

بەڵام کۆتایی ســــەردەمی ئەم خەلیفەیە ناکۆکیی و ململانێی نێو خۆیی ســـەری هەڵدا، ئاژاوە هەموو لایەکی گرتەوە، خەڵکانێك گەمارۆی ماڵی خەلیفەیان دا، بەشی زۆری هاوەڵان ئامادەبوون بۆ شــــەڕکردن و دوورخســـتنـەوەی ئـاژاوە گێڕان(الطبري، 1407هـــــ، 674/2؛ ابن الجوزي، 1992، 54/5؛ ابن الاثير،1997، 541/2)، بـەڵام خـەلیفـە ڕێگـەی نـەداو وتی: " ئەگەر یەك نەفس بکوژرێت وەکوو ئەوە وایە هەموو دنیات کوژرا بێت"(ابن منصـــور، 1982، 368/2؛ الکانـدهلوي، 1999، 118/3). هەرچەند هاوەڵان ســـوور بوون لەســـــەر بـەرگری کردن، ئـەو پێی فـەرموون: "هـەرکـەس پێویســـتـە لەســـەری گوێرایەڵیم بکات با شـــەڕ نەکات"(خليفة بن خياط، 1397هـــ، ص173). دواجار کوشتییان (ابن تيميه، 1995، 158/14). ئەوەی شـایەنی باسـە خەلیفە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارە بکرێن و خوێن لە شاری پێغەمبەر(ﷺ) نەرژێت و موسـڵمانان دەسـتییان نەچێتە خوێنی یەکتر، بێگومان ئەگەر خوێن ڕژا دیاردەی تۆڵەســـەندنەوەی کـەســـیی و خێڵـەکیی دێتـە ئـاراوە و دەمـارگیریی هۆزایـەتیی شوێنیی دادگاکان دەگرێتەوە.

پەلە بكرێت لە تۆڵەسەندنەوە لە بكوژانی خەلیفە (عثمان بن عفان)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕووداوە لەسەردەمی خیلافەتی ئەو ڕووینەداوە و ئەو لێی بەرپرسیار نەبوو، لەسەرووتر ئاماژەمان بۆ كرد، خەلیفەی پێشتر ئەو كێشەی چارەسەر كرد بوو.

شەپۆلی فیتنە لەوە فراوانتر و گەورەتر بوو، بەم شێوەیە بتوانرێ چارەسەر بكرێت، بەڵكو پێویستی بە ئیرادەیەكی وەكوو ئیرادەی خەلیفەی یەكەم هەبوو، بۆئەوەی پارێزگاری لە دەوڵەتی ئیسلامیی بكات. چونكە كارەكە هەربەوە نەوەستا، كاتێك خەلیفە (محمد بن ابو بكر)ی كردە والی میسر، دوای ئەوەی (معاویە بن ابی سفیان) سوپایەكی لەشام نارد بەسەر كردایەتی (عمرو بن العاص) و (معاویە بن حدیج) لەوێ ڕووبەرووی والی میسر بوونەوە و دەستگیریان كرد معاویە تاوانباری كرد بە كوشتنی خەلیفە (عثمان بن عفان) و لە تۆڵەی ئەو دا كوشتییەوە، بەڵام خەلیفە علی نەیتوانی تۆڵەی بكاتەوە بە هۆی ئەو بارودۆخەی هاتە پێشەوە(الطبري، 1407هـ، 126/3-127؛ الديار بكري، د.ت،238/2). واتە: دادگاكان لەسەردەمی پەشێوی نەدەتوانرا بەكاری خۆی هەستێت

یەكێكی تر لەو كارانەی كە ڕۆڵێكی گرنگی هەبوو، لە سەر ڕێكخستنی بازاڕ و چارەسەركردنی كێشە و گرفتەكان و كەم كردنەوەی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە، بریتی بوو لە (المحتسب) چاودێری بازاڕ و هەموو پیشەكانی دەكرد و كارەكانی ڕێك دەخست، الحسبة جۆرێكی دادوەرییە بۆ جێبەجێ كردنی دادپەروەری لە كۆمەڵگە داهێنرا، كارەكەی بریتییە لە فەرمان بەچاكە كاتێك فەرمان كردن بە چاكە نەما، ڕێگری كردن لە خراپە كاتێك خراپە ئەنجام درا (ابن الفراء، 2000، ص284؛ الهاشمی، 2013، ل88- 89). واتە ڕێگری لە هەموو خراپەیەك دەكرد، خاوەنی ئەم پیشەیە هەر لەسەرەتاوە ڕێگری لە كاری خراپ دەكرد، پێش ئەوەی تۆڵەسەندنەوە بێتە ئاراوە، ئەوەی شایەنی باسە لەسەردەمی هەر چوار خەلیفەكە بوونی هەبوو.

## 5. ئەنجام

1/ لە كارنامەی هەر چوار خەلیفەكانی ڕاشدین دا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باس لە دیاردەی تۆڵەسەندنەوە كراوە و بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە سنووورداری بكەن و نەیهێڵن، هەروەها جەختییان لەسەرئەوە كردۆتەوە كە دەوڵەت پارێزەری مافی بێهیزەكان ئەبێت و بۆ ئەوەی خەڵكی ناچار نەبن بۆ تۆڵەسەندنەوە پەنا ببەنە بەر تۆڵەسەندنەوەی كەسیی و خێڵەكیی، بەڵكوو لە ڕێگای دادگایی كردنی دادپەروەرانە ماف بۆ خاوەن ماف ئەگێرنەوە و ستەمكار بە سزای خۆی ئەگەینن.

2/ خەلیفەكان بە گوێرەی توانا و بارودۆخی سەردەمەكەیان هەوڵیان داوە كارنامەی دەسەڵاتەكەیان جێبەجێ بكەن، ئەتوانین بڵێین: خەلیفە (ابو بكر الصدیق) لەگەڵ كەمی ماوەی خیلافەتەكەی زۆر سەركەوتوو بوو لە جێبەجێ كردنی كارنامەكەی، تەنانەت بناغەی دەوڵەتێكی بەهێزی بۆ خەلیفەی دوای خۆی دانا، لەبەرئەوە خەلیفە (عمر بن الخطاب) هاتە سەر میراتی دەوڵەتێكی بەهێز، مۆدێلێک بوو بۆ گەیشتن بە دادپەروەری. سیستەمێكی ئیداریی تۆكمەی دامەزراند، كاری لەسەر چاكسازی ئابووریی و كۆمەڵایەتی ئەكرد، هەمیشە لە خەڵكەوە نزیک بوو، گوێی لە گلەیی و گازندەیی ئەوان بوو و بە ئاشكرا لێپرسینەوەی لەگەڵ خۆی و والی و تەواوی تاوانباران ئەكرد. ئەتوانین بڵێین وتارەكەی بە تەواوی جێبەجێ كرد.

3/ هەرچیی خەلیفە (عثمان بن عفان و علی بن ابی طالب) بوون، ڕووبەڕووی هەلومەرجێكی سیاسی ئاڵۆز بوونەوە، كە ڕێگر بوو لە بەدیهێنانی تەواوەتی ئەو كارنامەیەی دایان نا بوو، سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەكانیان بۆ پابەندبوون بەو بەڵێنانەی كە ڕایانگەیاند بوو، بە هۆی ئەو بارودۆخەكەی لە كۆتاییی سەردەمی خەلیفە (عثمان بن عفان) هاتە ئاراوە، تەنانەت بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی تۆڵەسەندنەوە و دەمارگیریی خێڵەكیی و كۆمەڵایەتی، تۆڵەسەندنەوە لەسەر ئاستی فكری سەری هەڵدا، گرووپێك دەركەوتن بەناوی خەواریج.

4/ سەردەمی خەلیفە (عثمان بن عفان) هۆكار بوو، بۆ پەرەسەندنی دیاردەی تۆڵەسەندنەوە لەسەر ئاستیی ناوخۆیی و ململانێی نێوان موسڵمانان و بە دیاركەوتنی چەند گرووپێك بۆ داواكردنەوە و تۆڵەسەندنەوە لە خوێنی خەلیفە، ئەمەش بووە هۆی چەند شەڕێكی خوێناوی وەكوو (جمل، صفین و النهروان).

## 6. لیستی سەرچاوەكان

### 6. 1.سەرچاوە سەرەكییەكان:


ابن الاثير: (1997)، الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت.

الأزهري: (2001)، تهذيب اللغة، تحقق: محمد عوض مرعب، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

البخاري ،1987، الجامع الصحيح المختصر، تحقيق: مصطفى ديب البغا، دار ابن كثير، بيروت.

البزار، 1409هـ، البحر الزخار، تحقيق: محفوظ الرحمن زين الله، مؤسسة علوم القرآن، بيروت.

ابن بشكوال: (1407هـ)، غوامض الأسماء المبهمة الواقعة في متون الأحاديث المسندة، تحقق: عز الدين علي السيد، محمد كمال الدين عز الدين، عالم الكتب، بيروت.

البغوي: (1420هـ)، معالم التنزيل في تفسير القرآن، تحقق: عبد الرزاق المهدي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

البلاذري: (1996)، أنساب الأشراف، تحقيق: سهيل زكار ورياض الزركلي، دار الفكر، بيروت.

البلاذري: (1988)، فتوح البلدان، دار ومكتبة الهلال، بيروت.

الترمذي: (د.م)، الجامع الصحيح سنن الترمذي، تحقيق: محمد شاكر واخرون، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

ابن تيمية، 1995، مجموع الفتاوى، تحقيق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة النبوية.

ابن تيمية: (د.ت)، الحسبة في الإسلام، أو وظيفة الحكومة الإسلامية، دار الكتب العلمية، د.م.

ابن تيمية، 1986، منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية، تحقيق: محمد رشاد سالم، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية.

الثعلبي: ( 2002)، الكشف والبيان عن تفسير القرآن، تحقيق: الإمام أبي محمد بن عاشور، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

ابن الجوزي: (1992)، المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، تحقق: محمد عبد القادر عطا، مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن حبان: (1417هـ)، السيرة النبوية وأخبار الخلفاء، صححه، وعلق عليه: عزيز بك وجماعة من العلماء، الكتب الثقافية، بيروت.

ابن حجر، 1992، الإصابة في تمييز الصحابة، تحقيق: علي محمد البجاوي، بيروت، دار الجيل.

ابو الحجاج المزي، 1980، تهذيب الكمال في أسـماء الرجال، تحقيق: د. بشار عواد معروف، مؤسسة الرسالة، بيروت.

خليفة بن خياط، 1397هـ، تاريخ خليفة بن خياط، تحقيق: أكرم ضـياء العمري، دار القلم، مؤسسة الرسالة، بيروت.

الحميرى: نشـوان بن سـعيد الحميرى، 1999، شـمس العلوم ودواء كلام العرب من الكلوم، تحقيق: حسـين بن عبد الله واخرون، دار الفكر المعاصر، بيروت.

الديار بكرى: (د.ت)، تاريخ الخميس في أحوال أنفس النفيس، دار صـادر، بيروت.

الذهبي: (1993)، تاريخ الإسـلام ووفيات المشـاهير والأعلام، تحقق: عمر عبد السلام التدمري، دار الكتاب العربي، بيروت.

الرازى: (1999)، مختار الصـحاح، تحقق: يوسـف الشـيخ محمد، الدار النموذجية، بيروت.

الزَّبيدي: (د.م)، تـاج العروس من جواهر القـاموس، تحقق: مجموعـة من المحققين، دار الهداية، د.ت.

سـبط ابن الجوزي، 2013، مرآة الزمان في تواريخ الأعيان، تحقيق:عمار ريحاوي، دار الرسالة العالمية، دمشق.

ابن سـعد: (1990)، الطبقات الكبرى، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن سـلام، د.ت، كتـاب الأموال، تحقيق: خليل محمد هراس، دار الفكر، بيروت.

ابن سيدة: (2000)، المحكم والمحيط الأعظم، دار الكتب العلمية، بيروت.

سـيف بن عمر التميمي: (1993)، الفتنة ووقعة الجمل، تحقيق: أحمد راتب عرموش، دار النفائس، د.ت.

السيوطي، 2004، تاريخ الخلفاء، تحقيق: حمدي الدمرداش، د.ت.

ابن شبة: (1399هـ)، تاريخ المدينة لابن شبة، تحقيق: فهيم محمد شلتوت، طبع على نفقة: السيد حبيب محمود أحمد، جدة.

الشافعي: (1990)، الأم، دار المعرفة، بيروت.

الشـهرسـتاني، 1404هـ ، الملل والنحل، تحقيق محمد سـيد كيلاني، دار المعرفة، بيروت.

الطبري: (1407هـ)، تاريخ الأمم والملوك، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن عبد الحكم، 1966، فتوح مصـر وأخبارها، تحقيق: محمد الحجيري، دار الفكر، بيروت.

العجلى: (1984)، تاريخ الثقات، دار الباز، د.م.

عبد الرزاق، 1419هـ، تفسـير عبد الرزاق، دار الكتب العلمية، دراسـة وتحقيق: محمود محمد عبده، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن عبد ربه: (1404 هـ)، العقد الفريد، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن العربي: (1987)، العواصـم من القواصـم في تحقيق مواقف الصـحابة بعد وفاة النبي صلى الله عليه وسلم، تحقيق: محب الدين الخطيب - ومحمود مهدي الاستانبولي، ط2، دار الجيل، بيروت.

ابن عسـاكر: (1995)، تاريخ دمشـق، تحقق: عمرو بن غرامة العمروي، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، د.ت.

العصـامي، 1998، سـمط النجوم العوالي في أنباء الأوائل والتوالي، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود،علي محمد معوض، دار الكتب العلمية، بيروت.

امام علي: (1408هـ)، نهج البلاغة، جمعه: السيد الشريف ارضى، مؤسسة النشر الاسلامي التابعة لجماعة المدرسين المدرسين، قم.

ابن الفراء: (2000)، الأحكام السلطانية للفراء، صـححه وعلق عليه : محمد حامد الفقي، دار الكتب العلمية، ط2، بيروت.

ابن فارس: (1979)، معجم مقاييس اللغة، تحقق: عبد السلام محمد هارون، دار الفكر، د.ت.

الفاسى، 1998، العقد الثمين فى تاريخ البلد الأمين، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.

الفراهيـدي: (د.م)، كتـاب العين، تحقق: مهـدي المخزومي، إبراهيم السامرائي، دار ومكتبة الهلال، د.ت.

الفيروزآبادى: (2005)، القاموس المحيط، تحقيق: مكتب تحقيق التراث في مؤسـسـة الرسـالة، مؤسـسـة الرسـالة للطباعة والنشـر والتوزيع، بيروت.

ابن قتيبة، 1992، المعارف، تحقيق: ثروت عكاشة، ط2، القاهرة.

ابن كثير: (1988)، البداية والنهاية، تحقق: علي شـيري، دار إحياء التراث العربي، د.ت.

ابن كثير: (2014)، تفسـير ابن كثير بەكوردیی، و: علی حاجی عبد الله پریسی، ناوەندیی رۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاو كردنەوە، سلێمانی.

الكلاعي: (1420 هـ)، الاكتفاء بما تضمنه من مغازي رسول الله - صلى الله عليه وسلم - والثلاثة الخلفاء، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن المبرد، 2000، محض الصـواب في فضـائل أمير المؤمنين عمر بن الخطاب، تحقيق: عبد العزيز بن محمد بن عبد المحسـن، عمادة البحث العلمي بالجامعة الإسلامية، المدينة النبوية.

الماوردي (1999)، الحاوي الكبير في فقه مذهب الإمام الشـافعي وهو شرح مختصر المزني، تحقيق: الشيخ علي محمد معوض - الشيخ عادل أحمد عبد الموجود، دار الكتب العلمية، بيروت.

مجد الدين ابن الأثير: (1979)، النهاية في غريب الحديث والأثر، تحقيق: طـاهر أحمد الزاوى و محمود محمد الطنـاحي، المكتبـة العلميـة، بيروت.

المسعودي، د.ت، التنبيه والإشراف، تصحيح: عبد الله إسماعيل الصـاوي، دار الصاوي، القاهرة.

مسـكويه، 2000، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق: أبو القاسـم إمامي، ط2، سروش، طهران.

مسلم، د.ت، صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

المقدسي: (د.ت)، البدء والتاريخ، مكتبة الثقافة الدينية، بور سعيد.

ابن منظور، 1414هـ لسان العرب، ط3، دار صادر، بيروت.

النسائى، 1405هـ، فضائل الصحابة، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابي نعيم الاصبهاني، 1994، الإمامة والرد على الرافضـة، تحقيق: علي بن محمد بن نـاصـر الفقيهي، مكتبـة العلوم والحكم، ط3، المـدينـة المنورة.

ابو نعيم، 1998، معرفة الصـحابة، تحقيق: عادل بن يوسـف العزازيدار الوطن للنشر، الرياض.

النووى: (د.ت)، تهذيب الأسماء واللغات، دار الكتب العلمية، بيروت.

النويرى: (2004)، نهـايـة الأرب في فنون الأدب، تحقيق: مفيـد قمحيـة وجماعة، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن هشام. (1955)، السيرة النبوية .مصطفى السقا وإبراهيم الأبياري وعبد الحفيظ الشلبي. د.ت

الواقدي: (1990)، الردة مع نبذة من فتوح العراق وذكر المثنى بن حارثة الشيباني، تحقق: يحيى الجبوري، دار الغرب الإسلامي، بيروت.

الواقـدي: (1989)، المغـازي، تحقيق: مـارسـدن جونس، دار الأعلمي، بيروت.

وكيع: (1947)، أخبار القضـاة، تحقق: صـححه وعلق عليه: عبد العزيز مصطفى المراغي، المكتبة التجارية الكبرى، بيروت.

اليعقوبي، (1358هـ)، تاريخ اليعقوبي، مطبعة الغرى، النجف.

**6. 2. ژێدەرەكان بەزمانی عەرەبی:**

ابو الحسن الندوى، د.ت، ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين، مكتبة الإيمان، المنصورة.

الحسيني: محمد بن رسول البرزنجي الحسيني، 2005، الإشاعة لأشراط الساعة، تعليقات: محمد زكريا الكاندهلوي، ط2، دار المنهاج للنشر والتوزيع, جدة.

الزركلي: (2002)، الأعلام، دار العلم للملايين، ط15، د.م

عبد اللطيف: عبد الشافى محمد عبد اللطيف، 1428هـ، السيرة النبوية والتاريخ الإسلامي، دار السلام، القاهرة.

عبدالستار الشيخ، 2011، ابو بكر الصديق خليفة رسول الله، دار القلم، دمشق.

### 3.6. ژێدەرەكان بە زمانی كوردی:

البوطی: محمد سعيد رمضان البوطی، 2014، فيقهی سيرەی پێغەمبەر، و: مەلا مەحمودی گەڵاڵەیی، هەولێر، الهداية.

زەڵمی. مستەفا ئیبراهیم: (2015)، كوشتنی مورتەد لە قورئاندا، و: رێدار ئەحمەد، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

العمري، اكرم زياء: (2009)، سەردەمی خیلافەتی راشدە، و: ئیحسان بورهانەدین، بڵاو كراوەی پرۆژەی تیشك، سلێمانی.

عماد الدين خليل: (2019) دەروازەیەك بۆ مێژوی ئیسلامی، و: زانا محەمەد ئەمین سەعید، سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فكری، سلێمانی: 2019.

### 6. 4. نامەی ماستەر بە زمانی عەرەبی:

امارة، سعيد خالد يوسف: (2021)، عقوبة الحرق بالنار في جريمة قتل عمد، رسالة ماجستير في الفقه والتشريع بكلية دراسات العليا في الجامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين.

### 6. 5. تێزی دكتۆرا بە زمانی عەرەبی:

عبدالجواود، محمد عماد احمد: (2007)، الثار عند العرب مقارنا بالقصاص في الشريعة الاسلامية، مقدم الى كلية الحقوق لنيل درجة الدكتوراة في تاريخ القانون، جامعة اسيوط.

### 7. پەراوێز

1. الغافقي بن حرب العكي: يەكێك بوو لە كەسايەتييە ديارەكانی هۆزەكانی (اليمنية) كە دوای فەتحی ئیسلامی لە میسر نیشتەجێ بوون. لە شەوالی ساڵی ٣٥ی كۆچیدا، سەبەئییەكان خۆیان كۆكردەوە بە چوار تیمی نزیكەی شەش سەد پیاو بۆ هێرش كردنە سەر مەدینە، الغافقی سەركردایەتی ئەكردن. وا خۆیان نیشان دا، كە ئامانجیان ئەنجامدانی حەج بووە، بەڵام لە مەدینە چالاكییەكانییان پەرەی سەند تا بابەتەكە توند و تیژی لێ كەوتەوە، الغافقی پێش نوێژی بۆ موسڵمانان ئەكرد و رێگری لە (عثمان بن عفان) كرد پێش نوێژی بۆ موسڵمانان بكات، الغافقی لەو كەسانە بوو كە بوێری كوشتنی عوسمانیان هەبوو، دوای كوشتنی عوسمان، مەدینە بۆ ماوەی پێنج رۆژ لە ژێر دەستی الغافقی دا مایەوە و لەو ماوەیە دا حكوومی دەكرد (ابن العربي، 1987، ص121).

2. عبد الله بن خباب: ناوی تەواوی (عبد الله بن خباب بن الأرت بن جندلة بن سعد بن خزيمة بن كعب بن سعد من بني سعد بن زيد بن تميم)ە. زكرياء بن العلاء دەڵێت یەكەم منداڵ لە ئیسلام لە دایك بوو، عبد الله بن الزبير و عبد الله بن خباب بوون. لەگەڵ خیزانەكەی بە خەواریجەكان گەیشتن، پرسیاری (ابو بكر الصديق و عمر بن الخطاب و عثمان بن عفان و على بن ابى طالب)یان لیكردن. ئەویش ستایشی كردن و بەچاكە باسی كردن خەواریجەكان خۆی خیزانەكەیان كوشت كە دووگیان بوو لە ساڵی (37ك/658ز)(ابن الاثير، 1989، 118/3).

3. ابي بن كعب: بن قيس بن عبيد بن زيد بن معاوية بن عمرو بن مالك بن النجار بە أبا المنذر ناسراوە (٣٠ كۆچی/٦٥٠ ز). یەكێك بوو لەوانەی لە پەیمانی عەقەبەی دووەم ئامادە بوو، قورئان خوێن و نووسەری وەحی و گیرەرەوەی فەرموودەی پێغەمبەر بوو، بەشداری شەڕی بەدر و ئوحد و خەندەقی كردوە و زۆربەی شەرەكانی گردووە، یەكێك بوو لەو چوار كەسەی قورئانیان كۆ كردیتەوە. (ابن سعد، 1990، 378/3-381).

4. زيد بن ثابت (45ك/656ز) یەكێک بوو لە هاوەڵە دیار و شارەزاكان لە قورئانی پیرۆز دا، لە تەمەنێكی كەمدا موسڵمان بووە و لە ژیانی پێغەمبەردا قورئانی لەبەر كردووە، یەكێک بووە لە نووسەرانی وەحی و بە فەرمانی پێغەمبەر زمانی عیبری و سریانی فێربووە بۆ خزمەتكردن ئیسلام. ڕۆڵی لە كۆكردنەوەی قورئانی پیرۆزدا هەبوو، لە سەردەمی ابو بكر الصديق دوای شەهیدبوونی قورئان خوێنەكان، لە سەردەمی عوسمان بن عەفان، ئەركی پێداچوونەوەی قورئان دەكات. لە سەردەمی خەلیفە (عمر بن الخطاب) دا دەسەڵاتی دادوەری گرتە ئەستۆ، بە دادپەروەری و حیكمەتی خۆی ناسرابوو. (ابن سعدة 1992، 2/ 274؛ العجلی، 1984، ص170؛ الزركلی، 2002، 75/3).

## خطة عمل الخلفاء الراشدين وتأثيرها على ظاهرة الثأر

**المخلص:**

يتناول هذا البحث تحليل مضـمون خطة عمل الخلفاء الراشـدين منذ توليهم الخلافة. وقد أوضـح الخلفاء جزءًا من تلك الأعمال في خطبهم الأولى، مع تسـليط الضوء على مدى تأثيرها على العادات والتقاليد الاجتماعية، ودورها في الحد من ظاهرة الثأر. ومن خلال تحليل تلك الخطب، حاول البحث إبراز مدى تطبيق والتزام الخلفاء بهذه المبادئ في حياتهم اليومية وفي إدارة شؤون الدولة. كما ألقى البحث الضوء على أسس العدالة والمساواة والعفو التي أشار إليها الخلفاء في ممارسـاتهم العملية، ودور هذه المبادئ في تعزيز وحدة المجتمع وتقدمه، والحد من النزاعات والصـراعات، من خلال تطبيق القانون الإسـلامي. إضـافةً إلى ذلك، ناقش البحث التأثير المباشـر لخطب الخلفاء على تغيير مفهوم الثأر، حيث انتقل من طابع فردي قبلي إلى مفهوم محصـور في إطار الدولة وقوانينها التي يتحكم بها الحاكم الشـرعي لتحقيق العدالة الاجتماعية. هكذا صـار الخلفاء الراشـدون الأربعة على تطبيق سـياسـة العفو والتسـامح والعدالة، من اجل تأسـيس مجتمع الموحد والمستقر..

**كلمات افتتاحية:** الخلفاء الراشدين، خطة عمل، الثأر، العفو، العدالة.

## THE ACTION PLAN OF THE RIGHTLY GUIDED CALIPHS AND ITS IMPACT ON THE PHENOMENON OF REVENGE

**ABSTRACT**:

This research examines the content of the action plan of the Rightly Guided Caliphs from the beginning of their caliphates. The caliphs articulated aspects of these plans in their inaugural speeches, highlighting their influence on social customs and traditions and their role in curbing the phenomenon of revenge. Through analyzing these speeches, the research attempts to reveal the extent to which the caliphs adhered to and implemented these principles in their daily lives and in managing state affairs .The study also sheds light on the principles of justice, equality, and forgiveness emphasized by the caliphs in their practical practices, and how these principles contributed to fostering societal unity and progress while reducing disputes and conflicts through the application of Islamic law .Additionally, the research discusses the direct impact of the caliphs' speeches on transforming the concept of revenge. This transformation shifted it from an individual and tribal characteristic to a concept governed within the framework of the state and its laws, under the jurisdiction of the legitimate ruler to achieve social justice. In this way, the four Rightly Guided Caliphs implemented policies of forgiveness, tolerance, and justice to establish a unified and stable society.

**KEYWORDS:** Rightly Guided Caliphs, Action Plan, Revenge, Forgiveness, Justice.